

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری
زنجیرەی کتێبی گیرفان
(٥)
مەملەکەتی کەلاوەکان
شیرزاد هەینی
هەولێر
٢٠٠٥

وەزارەتی رۆشنبیری
زنجیرەی كتێبی گیرفان
ژمارە (5 )

# مــەملەكەتی كەلاوەكان

نووسینی
شێرزاد هەینی

هەولێر - 2005



www.pertwk.com

خاوەنی ئیمتیاز:
وەزیری رۆشنبیری: سامی شۆرش
سەرنووسەر
محەمەد باوەکر
سکرتێری نووسین
بورهان ئیبراهیم یەعقوب



www.pertwk.com

ناوی کتێب: مەملەکەتی کەلاوەکان
زنجیرەی (5):
نووسەر: شێرزاد قادر هەینی
پیتچنین: نووسەر
هونەرکاری نەخشەسازی: سەید ئارام
هونەرکاری بەرگی دەرەوە: هاوکار کۆیی
تیراژ: 500 دانە
چاپخانەی روشنبیری هەولێر
ژمارەی سپاردن 267 _ 2005
هەولێر: 2005


www.pertwk.com

# مـــەملەکەتی کەلاوەکان

نوسین و سازکردنی: شێرزاد هەیـنی
sherzad55@hotmail.com

هەولێر 1990

**ئەم نوسینە،**
**ریپۆرتاژە،**
**نەخشانە،**
**نامانە ..!**
**وتارێکی درێژە لەسەر بیناسازی کوردەاری،**
**فەرهەنگێکە بۆ ناساندنی ناوەکانی بیناسازی،**
**ناسینەوەی پاشماوەی کەلاوەکانە..!**
**تۆمارێک بوو لە ترسی سوتماک.**



www.pertwk.com

بەر لە راپەرین نوسراو پاکنوسکرا، چاوەریَی چاپم دەکرد، برادەریَک
لە سوید هاتبۆوە لەگەڵ خۆی بردی بۆ ئەوەی بۆم چاپ بکات. پاش ماوەیەکی دریَژ
رەشنووسەکەم لەگەڵ نامەیەک بۆم هاتەوە، لە نامەکەیدا نوسرابوو، چاپکردنی کتیَبی
کوردی لە کوردستان ئاسانترو هەرزانترە، راستی دەکرد. منیش دامە گۆڤاری کاروانی
خولی راپەرین، لە ژمارە12ی ساڵی 1994، لەژیَر ناوی ( من و تۆ و شویَن )
بلاَوکرایەوە، بەلاَم بە چاپیَکی ناریَک و هەڵە زۆر لەچاو بلاَوکراوە کوردییەکانی
ئیمرۆی کوردستان. کە هاتمە سویدو بارگەی ماڵەکەشم هات، داوام کرد دانەیەکم لە
گۆڤارەکە بۆ بیَنن، دووبارە نوسینەکە گەرایەوە سوید وا لیَرەدا جاریَکی تر لەبەهاری
ساڵی 2002دا نوسیمەوە.

ئەم نوسین و پاشکۆیە بۆچی ...؟؟

ئەم وشەو دەستەواژەو زاراوانەو جۆری بەکارهێنانیان لە بیناسازی کوردەوارییدا، هێماو شرۆڤەکردن و قۆناخەکانی هەراشکردنی خانووبەرەو زانیاری و ناوە نوێیەکانە بۆ بابەتی دروستکردن و تەلاری خۆمانە. بەزۆری و بەبلاوی لە خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانم وەرگرتووە. هەر زەلامێک، هەر ژنێک هەندێ ..!! هەر دیوەخانێک کەمێکی تر، لەسەر هەر کەلاوەیەک یادێک، لەناو پاشماوەکانا، لەناو وێنەکانا تیشکێک، بۆیە نەمتوانی و حەزیشم نەکرد ناوچە ناوچە، یان پارچە پارچەی کوردستان جیایان بکەمەوە. هەندێ لە زاراوەکانیشم خوێندیتەوە، یان لە فەرهەنگە کوردییەکان گەلالەم کردوون. ئەوەش هەموویان دەبنە بناغەی دانانی فەرهەنگ و کۆی زاراوەکانی بیناسازی و شوێنی کوردەواری، بۆیەش بەم شێوەیەم نوسیوە، دیارە سۆزو نەمان و .رووخاندنی ئاوەدانیەکان و ئەو سەردەمە ئەوەی دەوێت

هێقدارم تەواو بن و چاوەروانی یارمەتی دەبم، واش تێدەگەم کارێکی چاکم کردووە، چونکە ئەو سەرمایە کەلتووریەی دروستکردن و ئەوینی قوول لەگەڵ شوێندا وا بەرەو .لاوازی و فەوتان دەچێت، تاوانیش ناگەرێتەوە بۆ مرۆڤی کوردەواری

ئەوەش دەڵێم نابێ بێ هیوابین، بە پێچەوانە بوار ماوەو رۆژێکی تریش دێ ئەم شوینانەی ئێمە دەژینەوە.! ئەگەر وەک خۆشیان نەبێت رەنگە کۆنی و دێرینی هەر پێوە دەمینێت. ئەو شوێنەی ئێستا من و خەڵکی تر دەستیان ناگاتێ، رۆژێ دێ سۆزو .کەلتوورو ئەڤینی و نەخشەکانی زیندوو دەبێتەوە

هەولێر، 3 / 2 /1991



www.pertwk.com

**.. وتەیەکی کورت**

**ئەم نەخشانەم، منی عەودالْ و تۆی زەریە...! ئەو شوێنە بەهەشتەمان، بە پەیڤی نازداری کوردی بەیەکەوە بەستۆتەوە. من وەک گەریدەیەک، شەیدایەکی دروستکراوی کوردەواری، خەمخۆریکی ماندوو، بۆ زانین و دیتنی هەموو سوچێکی کوردستان. تۆش نازدارو جوانی و زەوق و شیعرو فەرهەنگ و هەموو مەبەستێکی .گەورەی منی. لە خەیالما جودانابیتەوە**

**شوێن، فراوانە. بۆیە چاوی کامیرام تۆی، پەیکەرو لوتکەی پێ نیشان نادریت، هەمووشم پێ ناکێلدرێت. بۆیە زۆر سوچ و گۆرەپانی پان و بەرینی بالاخانەی چەند ٭**

توبخ ْ و بە هەیوانم بە هەتیویی مانەوە، دەستی گەرمی منی بەسەردا رانەگەیشتن.
چونکە، شویَنی ئیَمە زۆرن .. جۆلانە، مزگەوت، کەنیسە، حوجرە، پردۆکە، ئاغابان، کۆشک، سەرا، قەیسەری، خان، قەلاَت، قونگر، سپیَر، سەنگەر، قەبرستان، کیَلی بەرز، ناشتنگەی شاخان، بارەگا، دیوەخان، کەوانەی بەرزی بازار، کۆلاَنی تەسکی باژیَر، میَوانخانەی شار، کاروانسەرا، هۆدەی بوک و زاوای رازاوەو بە بۆنەبخۆر، ئەشکەوتی قەد تەلاَن، زیندانی ژیَرزەمینی تاریک، ژووری پاشایان، بنکەی میران، کانی ژنان، هەورەبان، زنج و کۆریت و لیس و مارەریَ و هەوارزە ریَ، ئاشی ئاوی، سەر سەکۆو پاردەو پەرژین و چەپەرو هەتان، قەلاَی دمدم و هەولیَرو خۆشاب و شیَروانە، منارەی ئامیَدی و ژەنگارو چۆلی، هەوارو ئیستگەو هاوینەهەوار، کونە تەیارەو سەنگەرو جبەخانە، خانقاو مەیخانە، شارۆچکەو ئاوەدانی .. هەموویان کوردستانە .. من لەگەلّ تۆ، لەم شوینەدا هەست بە بون و هەناسەی خۆمان و ژیان و پیرۆزی خۆشەویستی دەکەین.

!!.. مەملەکەتی کەلاوەکان

لەو سەردەمەی تەختەی سینەت، تەختەی پاشایەتی دلّم بوو، پەنجەکانم بەردی شەترەنجی سەر ئەو سینە پەمۆو پەنیرەت بوو. لەو گاڤەی چاوەکانت قولاب بوون، لە ْ پەرژین ْی بیلبیلەی چاوم گیردەبون، دەمرِوانیە مەمکی بەرزو سپیت و بە بیَترس ..!! بە ئاسانی بۆ سەر دوندی تەمی سووری هەلّدەگەرام. ئەو دەمە بالاَت ْ قەلاَ ْ یەک بوو، منی ریَبواری بیَ ریَ و بیَ ْ ساباتْ و ْ بەهاربەند ْ، بە دیواری گرنی گرنی و بە ْ کولانکە ْ و ْ قونگرەی زەیتی ْ و ْ کونە تیر ْ و ْ کونە تۆپ ْ هەلّدەگەرام، بۆ هاتنی من پیَناوت دانابوو، تەتەرت لە ْپەنا ْ و ْ پەسیو ْ ان، نامەو بەلّیَنی تۆیان بەدزی دەدامیَ .
بە ْ ریَگا ْ کانا، لەسەرْ بەردەبازْ ا، لەسەر پشتی ماندووی ْ پردۆکە ْ کانا، هاتم، گەیشتم، تا لەْ کانی ْ ساردو خاوین و بیَ زیَرو، خۆم تیَرو رەباس ئاو بکەم. لەسەر ْ بەردەنویَژی ْ روومەتی ئاخت، نویَژیَ داببەستم ...!! رۆژانی سەرفرازییم بوون.
بەراستی پاشای مەملەکەتیَ بوم. سەرمەستی چاوی کازیَوەی دەم کەل و سینەو دەم قەندی ئاسۆی تەختی پشتی تفەنگی دەشت، کەمەر بە ژەنگیانەی دۆلەکانی بەهار، گولّ


www.pertwk.com

و میَخەکی کەنار رووبارو جۆگە، رووباری پرچی مانگە شەوی گوندی نوستوو، هەناسەی
.خەندەی کانی بیَگەردت، لافاوی گلاویَژی بەرهەم و داهاتی خۆشی بوم
ئازیزەکەم، تۆ میللەت و منیش پاشا. پاشایەتی ئاوا خۆش و تەمەن دریژە..!!
کودەتای لەسەرناکریت،ٰ کۆشک ٰ وٰ سەرا ٰ ی بەسەردا خاپوورناکریت .! دووکەڵی
سوتانی رۆژەریَیەک ناروات و بەری ئاسمانی شین و ساف ناگریَت. کریَکاران مان
ناگرن، دەرگای ٰ کارخانە ٰ کان گاڵ نادەن، لیَم ناچنە ٰ سەربان ٰ ان، خویَندکاران
ناچنە ناو ٰ گۆرەپانی شار ٰ و نارژیَنە ٰ کوچە ٰ و ٰ کۆلاَنانەکان ٰ، شاعیران لەسەر
سەکۆی شیعرا جنیَوبارانم ناکەن..!! دەزانم ئەوانە لە مەملەکەتی ژووانی من روونادات،
چونکە تۆ سەرچاوەی دەستەلاَتی منی. بۆم شەیدای، منیش لە گەرمەی رییَ کاروانا
هاوشان و ریَبوارو بۆ تۆ گاوانم، تا خۆر لە ٰ گوند ٰ ی ئاوادەبیَت، رووم نییە بیَمەوە
تەماشایٰ بەردەگا ٰو ٰ بن دیوارانٰ بکەم. چاوم تیر ئاسا، لە دەرزی سینەت رامینیَت.
نەدەویَرام لەسەرٰ سەکۆ ٰت، لەٰ بن سابات ٰ ی فیَنک و بەرزی ٰروو لە ئاکریَت ٰ
دانیشم، تەماشای ٰ خەرمان ٰ وٰ ئاقار ٰو تاکەدارو بیَری و رانەمەروٰ بەردەبیَری ٰ و
ئاسمانی لوست بکەم...!! گاوانیش بم، هەر پاشامەو، هەر سەرۆکی شارەوانی
هەڵبژیَردراوی یەکەم شارەوانی و ئەنجومەنی گوندی تۆمە. دەستەلاَتم هەیە، بڵیَم با
باخچەی پرچت، قەدی دریَژ بیَت، کەمەری قەدی داری بەرماڵ و داری پیرۆزیٰ
.گۆرستانٰ ی گوندت چەند پان و شایستە بیَت
بە دەستەلاتم، شەوانی ئەنگوستەچاوو زریان، بتکەمە پاسەوان و زیَرەڤانی ٰ
قەمتەرە ٰ و دەرگاکام. دەتوانم بتکەمە نەخش و ٰ کۆترە ٰ و ٰ دار پالەوان ٰ و ٰ
. هەورەبان ٰ و ٰ گۆلتە ٰ م
*****

تۆٰ شارٰ ی گەورەی دیَرینی منی، گەرجاران لە چواردەورەت، ٰ شوورەی
دیاربکرٰ ی ئەستەم و توندو بەٰ قونگرەٰ ی بەردی رەش هەبون. بیَگانە نەدەویَرا
توخنی بازنەی لیَوو جوانی ریَزی ئەلماسی ددانەکانت بکەویَت. من ئیَستا
شوورەی ئەم قەلاَیەت بەرزترو پانتر دەکەم. دیواری ٰ قونگرەی رەواندز ٰ ی تۆ، توندو
پتەوتر دەکەم. چۆن پاشای گەورە، قونگرەی بۆ شەمام دروستکرد، منیش لەبەر
ئازایەتیت، لەبەر قوربانیت بۆ جۆشی خۆشەویستیمان، لەبەر چاوی بەدی نەیاران چەند
قونگرەت بۆ بەرزدەکەمەوە. سەنحاریب، لە ئاوی بەستۆرەی بن خانزاد، ئاوی بۆت
بەرزکردەوە، لە چۆمی قلیاسان و لە رووباری گادەران، لەبەستی رۆخانەو باسەرەو لە
خابووریش، کانیت بۆ هەڵدەقوڵیَنم. بیابانت بۆ دەکەمەوەٰ میرگ ٰ و ٰ گۆڵ ٰ و ٰ
ئەستیَرٰ و شینایی. چونکە تۆٰ پایتەخت ٰ و ٰ بازار ٰ و ٰ قەیسەریٰ و ٰ کاروانسەراٰ و ٰ



www.pertwk.com

ئاشی ئاوی ٚ و ٚ جبەخانە ٚو ٚ کارگەی وەستا رەجەب ٚ و ٚ قەلەندەرخانەی پیرەمێرد ٚ و !!!.... ٚ چاپخانەی مام حوزنی ٚ و ٚ کەشتی نوحی نەجمەدین مەلا ٚ ی منی، تۆ ولاتی منی
*****

کابان و سیبەری فێنک و ماڵە خاوێنەکەی شادومانی منی ..!! چاوی تۆ سیحراوی و رەنگینە، رەنگی شووشەی خانوی ٚ جەمیلە فەندی ٚ تێدا دەبریسکێتەوە. بەژنی بەرزی ٚ باهۆ ٚ ت لە ٚسیوسیوە ٚ ی ناخمدا چەقیوە. ٚ هۆدە ٚ ی بێ پەنجەرەو بێ ٚ کلاورۆژنە ٚ ی دڵی ناو تۆڕی چڕی دەمارەکانی منی. تۆ دەکەمە چراخان و رووناکی تیشکی زێرینی مێوانم. ئەوەش داوەت و شەوچەرەو دەستلەملانێ خۆشتر دەکات.
ٚ ژوورەکە رووناک بێت، ٚ نەخش ٚ و ٚ تاق ٚ و ٚ تاخچە
و ٚ ساپیتە ٚ و دەسکە رەیحان و چەپکە گوڵەبەروون و ٚ هێلانە ٚی پیرۆزی پەرەسێلکەی تیدا ناسک و جوان دەرکەوێت.
*****

تا قەڵای ٚ خۆشاب ٚ ی ناو لوتکەی هەوری دڵتم گرت..!! تا قەڵای ٚ کوردان ٚ ی ئاوارەو تەنیای تۆم خستە ژێر دەستی خۆم، تا بەسەر قەڵای ٚ شێروانە ٚ ی خۆراگری بەژنت کەوتم، لەبەر گەرمی گەرمیانی تۆ، چەندین، تەتەرو رێبوارو پێناوو پێشمەرگەی هەنگاوم لە ٚجۆگە ٚو ٚ جۆبار ٚو ٚ هەرتەل ٚ و ٚ بەست ٚ ی وشک و برینگم پەرینەوە. چەندین چەپکە گوڵ و مێخەکبەندو بەیبونم لە ٚ چەپەر ٚ و پەرژین و ٚ هەتان ٚ. و ٚ سابات ٚ و ٚ کەپر ٚ و بەهاربەند و ٚ زنج ٚ ی ئاقاری بواری هاتوچوو بەردەرگاتم دا قەڵاتت دیواری دوو رێزبون، لە ٚ بەردی رەق، ٚ بەردە تراویلکە ٚ، ئاسن ، مس دروستکراوبوو. رووی دەرەوەی لووس، شووشەیی ، بێ پایەو دەستگیربوون. بەرۆژ حەدم نەبوو، توخنی بن سێبەریشی بکەوم. شەوان بە قازمەو بێل و نووکە خەنجەرو دیواربڕ، خەریکی کونکردنی بوم. ماندووت دەکردم. ئای کە قەڵایەکی سەخت بوی.!!! بەلام منیش دڵ و حەزی سوتاوم ٚ قاڵدرمە ٚو ٚ پەیژە ٚ ی بەرزبوو. کرێکارێکی ناوشان پان و خاوەن ئەزموون و دزێکی دیواربڕی نەقۆڵابوم. لە حەسحەس و سەگی هارت نەدەگەرامەوە. لەشیرنە خەوی بن ساباتی فێنکی ٚحەوشە ٚ تان، ماچم لە شانەی هەنگوینی رووومەتت دەکرد، لەسەر دەستان و بەنەرمی لەسەر سەکۆیەکەتان دادەبەزیم.
*****

نازدارەکەم، دڵت، بۆ من ٚ ئاغابان ٚ ی بەرزۆژو ٚ هەیوان ٚ ی گەورەو ساپیتە بەرزت، بە فەرشی هەرکیان و دووگردی دووبەری نەخش رەنگین داپۆشرابوو، لە تابلۆیەکی بن ٚ ساپیتە ٚی کەنیسە ئیتالیەکانی دەکرد. هەر ٚ خشت ٚ ێکی، ٚ کاریتە ٚ کانی، ٚ شەقرە ٚو ٚ کفر ٚو رووە مارنجکراوە لوس و بێ گرێیەکان و بریقەداری، لە هەموو قۆناخەکانیدا، ئارەقەی منی کرێکاری ماندووی پێوەیە. دەڵاقەکانت، نهێنی نامەو دیارەکانی



www.pertwk.com

.دەشاردەوە

بەلاَم داخەکەم جارناجاریَ دەرگاکەت گاڵ دەدراو نەدەکرایەوە، بە ' شمشیَرە ' و ' کلیل ' و ' هەزارمیَرد ' و ' چل میَرد ' و ' دارپالەوانە ' نەفسبرِ دەکرا. دەمزانی ئەو دەمانە خۆت لە دزانی دڵ و چاو حەشاردابوو. خۆت لە ئاژەلی برسی و ئەجندەی چاوحیز، لە پیرەژنی ئۆینباز، دەشاردەوە. بەلاَم نازانم چۆن بۆنی منت دەکردو دەرگای شیشدراوت، بۆم، دەکەوتە سەرپشت. دەخشیمە بنەبانی و پشتم بە دیواری ' .وشکەکەلەک ' ی هەورامی بەردینیت دەخشاندو دەهاتمە تەنیشتت

هەموو شویَنیَک رووناکی و ئاسۆی دوورو نزیکی هەیە، رووناکی لە خال و شویَنیَک بۆ شویَنی تر جیاوازە. من کە دەهاتم گۆشە تاریکەکەم دەویست، لە چاوی رووناکی و دیتن دووردەکەوتمەوە. زوو منت نەدەناسییەوە، بە هەموو هیَزتەوە بە دیوارت دادەدام. خۆم بە کاریتەی ساپیتەی ' هەنوان ' تان هەڵدەواسی، دەکەوتمە سەر ئەو ئەرزە رەقەی بەردەمت. لە سوچیَکی هۆدەکەت، دەپەستام و دەتویست هەرچی ' لەڤەند ' و ' کفر ' و ' ئاژن ' ی بنمیچی ژوورەکە، لە چاوانم رابکەیت. دەتویست ژووری تاریکی ' خۆکە ' و ' زنج ' و ' هۆر ' و ' کادین ' و عەمبارم بۆ بکەیتە ' تابوتە بەرد ' و ' بەردی کیل ' و گۆرم بۆ هەڵبهیَنیت .. بەلاَم، کە دەمامکم کردەوە، کە تیشکی چرای چاوانت بەرچاوتی رەوشن کردەوەو منت ناسیەوە، رووە زەردە ترساوەکەت گەشایەوەو کونجە تاریکەکەت .دەبووە چراخان

*****

لە بادینانا، لەکوچەکانی مهابادا، لە قەیسەری بە نەخشی کۆیە، لە خورەی ئاوی زۆری وەرتیَ، لە هەموو گۆشەیەکی ئەم شویَنانەدا، تۆ دیاری، لە کلاَورۆژنەی هەموو .ژووریَکدا تیشکی خۆری لیَ دیَتە ژووریَ

نازدارەکەم، کە تۆم بۆ دیَتە پەردە، دەبیَ ولاتیَک، شاریَک، ئاوەدانیەکت بۆ دروست بکەم. هەموو وەستایەتی قەلاکانی پاشای گەورە، خوَشاب، شوورەی دیاربکر، کۆشکەکانی هەلۆخانی ئەردەلان و سنە، دیَری ناو شاخی سەختی دیر مار مەتی. پردی بەردی :زەلامی دەلالی زاخۆ، نەخشکاری منارەی چۆلَیت، بۆ کۆدەکەمەوە. پیَیان دەلَیَم نابیَ ئەمجارە ئەم شوورەیە، ئەم شارە، بە تەوژمی زریان و رەشەبای لافاو بروخیَت. سوپاکانی گەورەی گیَتی خەریکی بن، نەتوانن بناغەی هەڵتەکیَنن، دەرگای لە دیوار دەربهیَنن، کاریتەی بشکیَنن، ئەستونی برمیَنن، بە چەکمەی داگیرکەران سەربانی کون نەکریَت، بناغەکانیان بە رەژووو خۆڵەمیش و قسڵ و' ئاهەک ' بیَت. دیواری بە بەردی تاشراوی گەلالەو پیَنجوین و دەربندیخان بیَ. جوانتر لە بەردی رەشی سیحراویی ئیتالیەکان، دروست دەکەم. لە دەروازەکانیدا شیعری حاجی قادری کۆیی و ئەحمەدی



www.pertwk.com

خانی و مەولەوییم بۆ بنوسنەوە. با نەخشی چوارگۆشەو بازنەیی و وردی تیَدا بیَت.
جوانیەکانی لە جوانی ولات بەوەشیَتەوە، هەر سوچیَکی قونگرەی خڕی بەرزو
بەکولانکەو کونە تیرو سەنگەر بیَت. هەورەبانی بەکون و بەکولاَنکەو قەمتەرەی بەرزو
دەرگای بزمارریَژم دەویَت. خانووە دوو نهۆمەکانی بە ْ بەردی کارگەیی ْ و داری بە
داری ْ داردیَمەک ْ دروست دەکەم. ْ سواندە ْ یان یەک ریَزو راست بن. گۆڵ و
ئەستیَری ئاوی گەورەو سەرپۆشی هەبیَت. داری چنارو ئەسپیندارو ئاژن و گویَزو
هەرمی و سیَوم دەویَت. رەزی دیَمیشی پەل باویَت. گۆرەپانی بە چیمەن و میَرگی
پان و بەرین. بۆ نەخۆشخانە شویَن دادەنیَم. بۆ خویَندن خویَندنگا. بۆ مەلە
مەلەوانگە. بۆ پەلەوەرو گیانداران باخچەی ئاژەل. بۆ کەشکۆل و دەستنوس و کەلتوور،
گەلەری. شارەکە بە تابلۆیانی هونەرمەندان محمد عارف و ئیسماعیل خەیات و نامیق
عەلی قادر، دەرازیَنمەوە. لە شویَنە دیارەکان پەیکەر، بۆ خانی و مام گییوو حەسەن
زیرەک و عەلی مەردان دروست دەکەم. بۆ کۆرو کۆبونەوەو سیمینار هۆلی گەورە. بۆ
ئاهەنگی نەورۆز جیَگای مەشخەلی ئاگرکردنەوە دادەمەزریَنم. شارەکە، شاریَک بیَت
پاک و خاویَن و شای شاران بیَت. هەوای بیَگەرد، ئاوی پاک، سیَبەرو خۆری
.یەکسان، دیمەن و دارشتن و نەخشەی خۆی لە شارە ئەلیکترۆنیەکانی یابان بدات
*****

خاتونەکەم کە تۆم لیَ زەفت دەکەن، شەوان ماڵی باوکت، بە تفەنگە
تەیارەشکیَنەکەم، گوللەباران دەکەم. خۆم دەمامک دەدەم، وەک حەسحەس، بەدزی
نیشانە لە قەمتەری دەرگاتان دەگرم. لە پەنجەرەو کولانکەکەی هەورەبانتان، دیواری
سواختان کونکون دەکەم. بەلاَم، داخی گرانم لە گوللەبارانی ماڵەکەتان دەترسم، دلَم
نایَت لەبەر ئەو نوسینانەی لەبن پەنجەرە بە تیَلەکانا، شویَنەواری هەندیَ نوسینی
قەدەغەی وەک ْ بژی گەل، مافمان دەویَت، نەورۆز چەژنی کوردانە ْ هەر ماوە. دەستم
شل دەبیت، غیرەت ناکەم ئەنگوست لە چاوانم راناکەم. کچیَ هۆ ئەو نەشمیلەی دەخیلی
ئەو سمیَلە زۆرو درەم دەبویت، کە ماچم دەکردی کەڵ کەڵ راتدەکیَشا، بە سینگی
خۆتت وەدەنام، لە خۆشیا چاوەکانت دەبوونە رووباریَکی شیَت و لافاویَکی بیَ ئامانی
.کاریتەبەرو لانک و بوخچەهیَنەرت بەرپادەکرد
کە دەگریای هیچ بەربەست و چەپەرو قسەو گفت و سویَندەکانم، رووباری چاوانتی
رانەدەگرت. دەشتی پەمبەی روومەتی ناسکتی دەگرتەوە، دەبووە کۆلکەزیرینەی پاش
باران و هەموو گردو بەرزاییەکانی دەبریقاندەوە. وەک ئاویَنەی شوانان، لەو دەشتە کاکی
بە کاکیە دەبریسکایەوە. بە ناولەپم جۆگەی فرمیسکەکانتم، لە روومەتت سواخ دەدا،
بوارم نەدەدا کاریتەی بسکت زەرد بکات. سینگی سپیت دلۆپە زەردی بکات..!! من
پایزان چاوەڕییَ دارەری و خۆڵەبانی ژوان دەبوم. بە بەردەوامی بە بیَل و خاکەناس و


www.pertwk.com

قازمەو بیوری خۆمەوە لە ترسی کیَخواو ئاغای تۆ ئامادەدەبوم. خۆم دەربەدەرو شاربەدەر نەدەکرد. بە جاگرتەیی و هاوسەریتان قاییل بوم.

من هەر بەژنی تۆم بە ئەهرامەکانی میسر دەشوبهاند، هەموو زاناکانی بیرو تیَروانینی چاوو هەستم، بۆ خویَندنەوەی نهیَنی کەڤرە زەلامەکانی ئەهرامەکانی بەژنتم تەرخان دەکرد. لە جوانکاری رووت و دەمارە ئەندازیارییەکانی سەرم دەرنەدەچوو. تۆ جوانی و منیش شەیدای ئەهرامی بەژنی تۆمە، ئارەزوومە ویَنەی یادگاری لە تەک بگرم. بەژنت ' بورجی بەلەکا ' و قیبلەگاهی ' لالش ' ی منی.

من لەمیَژە ئاشنای دیرۆک و کۆنم. وەرە با بچینەوە گوندی ' چەرمۆک ' ی بنار چمچمال .. ئازیزەکەم، با پیَکەوە بچینەوە، ئەم گوندە دیَرینەمان. لەویَ گویَمان لە ئاژانسی جیهانی و قسەو  قسەلۆکی خەڵکی نابیَت. شۆستەو شەقام تەماشامان ناکات..! داری چناری باخچەی ' گلکەند ' و ' سەرچنار ' حەسودی بە بەژن و باڵات دەبەن...!! ئینجا خەڵکی شویَنەوارناس  خۆیان و کامیراو فلچە ناسکەکان، چەند کریَکاری پسپۆرو نوینەری ناوچەکە میَوانمان دەبن، لە میَژووی شارستانیەتی مرۆڤایەتی هەموو جیهان، لە ناو ئەم شویَنەدا دەدۆزنەوە. هەوالەکە دەگەیَنە هەموو سوچیَکی ئەم جیهانە بەرینە.

*****

ئازیزەکەم، گوندەکەمان، هەر سی چل ماڵیَکە. خانوەکانی، لە خشتی کالەو کولاَنکەی کەمە. دروستکراوی بۆ بەرهەمی کشتوکالی و ئاژەلداری تیَدایە. قەسری چەند نهۆمی پاشاو بەگزادەی لیَ نیە. مرۆ سادەو بی فیَلن. خۆفرۆش نین. چاویان لە زەوی و زاری یەکتر نابرن.!!  چە زۆرە زەوی بە پیت و ئاو زۆرە. ئەوەی هیَزی هەبیَ، با بچیَ تۆ بکات، حەیوانە کیَوی راو بکات. بە بەردی تیژو هەوجاری سادەو ئاگرکردنەوە دەژین. کەنگرو ترشۆکەو ریَواس و بەروو دەخۆین. ئەو خواردنانەش لە گەدەو لەشمان دەکەویت، وەک فیل دەرسکیَن، نەخۆش ناکەوین. ورگمان گەورە نابیت، توشی نەخۆشی دڵ و زەغت و شەکر نابین..!!  ناوی نەخۆشی بەدی ئایدز نایَتە گویَمان.! چاوتیژو بازو ئەستورو بەغار دەبین. یەکو کەولە حەیوانە کیَوی لە قەدمان دەئاڵیَنین. لە جیهانیَکی تەنیا دەژین. مانگ مانگ، دەم لەناو دەم دەبین. ئاسۆکەش بیَگەردو پاک و بیَ دووکەڵ و بیَ کاربۆنە. هیَمن و دوور لە دەنگی ناخۆشی میَشکبەری مەکینەکانی شار دەژین. نازدارەکەم، جارجاریش شۆردەبینەوە بۆ ئەشکەوتی ' هەزارمیَرد' و 'شانەدەر'، بیَ منەت کەڵوپەلی قورینی جاران لە بن خۆڵی زەمانە، دەردەهیَنینەوە، دەچینە راویَ، کەوو سمۆرەو بزنە کیَوی و پلینگ و مریشک و مامز، راو دەکەین. ئەوانەی ماڵی دەبن، بەخیَویان دەکەین. ئەوانی تر، سەردەبرین و گۆشتیان دەخۆین، زیادەکەی بۆ زستانی ساردو دریَژ دەکەینە قاورمە. دونیا تاریکە، هەوا سازگارە، بەیەکەوە، ئاویَتەی یەکتری



www.pertwk.com

دەبینەوە. لەشەوانی مانگە شەودا تەماشای لوتکەی سپی شاخی بەرز دەکەین. خەوی .خۆشی و تێریمان لێ دەکەوێت

هەتان، بۆ ئاژەلەکانمان دروست دەکەین، گەنم و جۆو نیسک و نۆک دەچینین.
کوندەڵان و خەشیو و قوتان و عەمبار و هەرزالە و کادین و
کەندو و دەلاقە و چاڵ و بن ئەستێرک و چاڵەبەفر و سارداو و
سەبەتەو سەوەو قەرتاڵەو مەشکە، هەموو شتێ پڕ زەخیرە دەکەین. پاشایانە دەژین. هەر بۆخۆمان دەبینە سەرۆک کۆمار، لێپرسراوی بانقی مەرکزی، ئەفسەر، ماموستا، دکتۆر و.. ئەشکەوتەکانمان دەکەینە بالاخانە، دۆڵ و باخچەو مێرگمان بەراوە. لەم شارەدا پێویستمان بە بیناسازو ئەندازیاران ئەنیتو گاودی ئەسپانی و فولتیر کروبیس ی ئەمریکایی و لیکوربوزیە ی سویسری نابێ ..!! بۆ نەخشەدانان و نەخشەسازی باخچەی .هەڵواسراوو مۆزەخانەو شاری ئاپوورەو هێلی هاتوچوی سەفەرمان نابێت

من و تۆ بۆ خۆمان، تۆ بە کەلانگوچکی شۆرو سوخمەی تەنک و کراسی بە باخەڵ و فیستانی بادینی، کەمەرو پشدێنی مهابادی دەخزێینە ناو ڕەزو باخچەو بیستان، سێبەری دارگوێزو ڕەشماڵی کوێستانی هەوای سازگارو کانی بێگەرد، لەناو هەزارەها گوڵی ڕەنگین و بە بۆن و بەرام و گیای تەڕ، لەگەڵ ویزە ویزەی هەنگ و دەنگی قومری، بە چرو برینەوەو هەڵگرتنی جۆخین و ساوەر کوتانەوەو ژیانێکی خۆش و خەونێکی .بەهەشتی مشت پەپولەی پەمبەو ناسک دەبەینە سەر

لەوەتی کاریتەو شەقرەمان کردیتە ساپیتە، پەرەسیلکەی مێوان، هێلانەی لەبن دروست دەکات، دانەویلەو رزقی خۆی لە حەوشە بەرینەکەو جۆخینە کراوەکەمان هەڵدەگرێتەوە، بە ڕەحەتی و بەبێ ترس بێچوەکانی گەورە دەکات، ئەگەر جارجاریش بکەونە خوارێ، ئیمە بەدەستی نازەوە بەزریان دەکەوینەوە. تا باڵ دەگرن نازیان :دەکێشین. ئیمەش لەمێژە وتومانە
. روون هەبێ لە هیزە مێوان ئەزیزە

*****

ئەزیزەکەم، کە هەنوان مان تێکچوو، خانگە کەمان هەرفی، کانیەکان کوێرکرانەوە، ساپیتەکانیان تەپاندە سەریەک، هێلانەیان رووخاند، چۆکمان شکا، .کوێرایمان داهات

جاران چەند خۆش بوون کە ترێ ڕەشمیری، هەرمی شێخانی، دۆشاومان زۆر دەبوو. بارگێرو کەرمان باردەکرد، دەچوینە گەرمیان. گوندبەگوند دەگەراین، هەواربەهەوار، دەچوینە سەرجۆخینەکان. بەگەنم و بەجۆ، سەربەسەر، دەمانگۆرینەوە، ئەو خەڵکەمان بە شیرینی خەنی دەکرد. کۆشی منالأنمان پردەکرد. مێوژی ڕەش و گوێزو قەزوانمان بۆ دەبردن. بوک و زاوامان بە مێوژی ڕەش و سوورو کاکلە گوێزو قەیسی تێردەکرد.



www.pertwk.com

خیَ و خورمامان لە حوشترەوانەکان دەکڕی، تریَ و هەرمیمان دەگەیاندە هەموو .گوندیَکی ئەم دەڤەرانە

نازدارەکەم، پیَش ئەوەی سەرما، سامی ترسی خۆی بنوێنیَت، قوڕی بەجەرگمان دەگرتەوە، تا جوان بخوسیَت، شەرواڵیَکم لەبەردەکرد، خۆم هەڵدەکرد، قورەکەم لیَکدەدا، چەندجار سەروبنم دەکرد. تۆش لەبەررا تیَرتیَر، لە جۆگەو ئاوی کاریَزا ئاوت بۆ دەهیَنام. بەیەکەوە دیوارمان مارنج دەکرد. سەربانمان سواخ دەدا. سەری لەودەو عەمبارمان دەگرت. ' تەندوور ' و ' ئاگردان ' و کەندووو ' ئاخوڕ'مان نویَ .دەکردەوە، کونەکانمان لە ترسی بای ساردو زریانا قەپات دەکرد

پاش ماندووبون، پشومان دەدا، من جگەرەیەکم لە توتنی کەوەرتیَ تیَدەکرد. تۆش لەبەرامبەرمان، هیَدی هیَدی قوڕی وشکت لە پیَ و لینگم دەکردەوە. کە قورەکە بە مووی قاچم وەدەنوسا، تۆ بەنازیش لیَتدەکردەوە، هەر ئازارت دەدام. تۆش قوڕی کەواو کەلانگوچکەکانت دەوەراند. بەیەکەوە خشتمان دەبڕی، لە پشت خۆمانەوە، ئاوڕمان لە ریَزی خشتە براوەکەمان دەدایەوە. کە دەستمان بەردەدا خشتبرەکەمان، جوان دەشوشت، بە دیواری و بە سواندەمان وەدەکرد. ئەو رۆژانە بە ئازارو ژان بوون، زوو .خەومان لیَدەکەوت

*****

بە شانازییەوە دەڵیَم، وەستایەکی کارمەندو دەست گەرم و بە ئەندازەم. دەتوانم خانووبەرەیەکت بۆ چیَبکەم، بینەران ویَنەی بگرن، بیکەنە چەژنانەو بۆ هەندەرانی رەوانەی بکەن..!! حیسابی گەرمی هاوین و ساردی زستانی تیدا دەکەم. خانووەکە خۆراگربیَت، بەرگەی لیَزمەی باران بگریَت. کەرەستەکانی، نەخش و نیگاری، ..ساپیتەی، خشتبەستی توند بکەم، خانووەکە، کەرەستەکانی خۆماڵی بیَ

من بوم، بۆ دەلال خان، پردی دەلالم بە بەردی زەبلاحی تاشراوی و گەورەو لوس و چوارگۆشەو لاکیَشە بەرزراگرت. کەوانەکانم قیتراگرت. منم لەدیَرەزەمانەوە خەمی ئەم بەروئەوبەر دەپەریَنمەوە. خۆشی سەرکەوتنەکانم گەیاندوە.! منم کاروانی بازرگانیم گەیاندووە. منم کەژاوەی بووکی سوورو رەنگینم گەیاندوتە زاوای مرادخانی و هەوری و چەفتەبەسەرو لەوەندی سپی و کراشی هەورامی لەوبەر. منم بەم پردە قایمە سوپای چەک و پۆشتەو نیزامیم دەناردە هاواری ئەوبەر. منم توانیم، لەو ئاوە شیَتە فیَرە لافاوە، موعجیزەی قوربانی دەلال خان بەفیرۆ نەچیَت، لەدوا رۆژا سوپاسم ئاراستە بکات، !.ویژدانم ئیسراحەت بکات

بە باری کەری کورەچیەکان، بە زەنگوڵی ئاوازەوە، کەرپوچیان بۆ دەکیَشامەوە، لەویَش لەسەر پیرەقەلاتی هەولیَر، خانووی چاک و جوان و چەندنهۆم و چەندژوورو بە ژیَرزەمینم دروستکرد. بناغەی لە مەتریَک زۆرترم پان دەکرد. ریَزی ناوەوەی، ریَزە


www.pertwk.com

بەرینەکەم بە کەرپووچی زەنگوڵ، مشت دەکرد. داردیَمەک و کاریتەم بە دریژی گەری دیوار ریز دەرکرد. بەوەش دیوارەکەم ترسی رووچونی نەدەما، قەڵەشی نەدەبرد. بە کاریتەی وەرتیَ و هەورەمان و نازەنین و سماقوڵی دارەریَم دەکرد. هەر پەنجەرەیکی تابلۆیەکی بەهاداربوو. میناو شوشەی رەنگاورەنگم تیَدەخست. ئاویَنەی، بە چوارچیوەی نەخشینم لە هەیوانا هەڵدەواسی. نافورەم بۆ هەوا گۆرین و راگرتنی ساردی و گەرمی لە ناوەندی حەوشە تەبەق ریَژەکە دروست دەکرد. ساپیتەکەم، بە بۆیە، دەکردە تابلۆیەکی گرانبەهاو دیمەنی گوڵ و لاولاو و نەخشی هونەریم تیَدا دەنەخشاند.

دار کۆترەی هەیوانم گرنی گرنی، وەک تاجی شاهان، بە نەخشی نایاب هەڵدەکۆڵی. بە خۆڵی سووری تایبەت و کای گەنمی دەشتی هەولیَرو سندی، بە زبڵی ٭ گوفەکی٭ گوندان، بە دەست و بازووی کریَکارە ٭ هەزارەبرەکان ٭ کەرپووچی سپی و سوورم هیَنایە هەولیَر. منارەی موزەفەرییە ٭ چۆڵی ٭م بەرز راگرت. نوسین و نەخش و نیگاری جوانم لە قەدی ئەنجامدا. بۆیە شویَنەوارناس و زانای ئەلمانی ٭ ئەرنست هەرتسفلد٭ ی چەندین ویَنەی هونەری و ئەندازیاری تیَدا دۆزییەوە. لە نەخشەکانا، تیپی ئینگلیزی، هیمای تەریب و لاکیَش و یەکسانی و .ووردەکاری هەبوون

نازدارەکەم .. با لەناو ئەو منارەیەدا، وەک منالاَن چاوشارکیَ بکەین، لە دەوری منارەکەدا بسوریَینەوە. من لە دەرگایەکیان خۆم دەکەمە ژووریَ، تۆش لە دەرگاکەی ترا. بە قاڵدرمە تەسک و بە پیَچەکەی سەردەکەوین. ماندوو دەبین. تاریکی ئیَمەی لوولدەداو دەترسایان، تا دوا پلەو پایەی ئەو ٭ سپیترک ٭ە، یەکترمان بەدی نەدەکرد. لەیەکتری بزر دەبووین. لە سەرەوە، لە یەکتری ئاشکرا دەبوین. تۆ بە دیتنی من و منیش بە دیتنی، تۆ رادەچلکایان. لەم بەرزاییەدا، خۆت دەهاویشتە باوەشم، بای بەهیَزو فیَنک، پرچی تۆی دەکردەوە، کە پەخش دەبوو، لە ملم دەئالاَو لەگەڵ جەمەدانییەکەم تیَکەڵدەبوو..!! لەسەرەوەی منارەکەوە، تەماشای پیرە هەولیَرمان دەکرد، تۆ ماڵی خۆت بە من نیشان دەدا، منیش بە ئەنگوست هەیوان و ماڵە بە هەیوان و ستارەو .هەورەبانەکەی خۆمانم دیار دەکرد. سنووری شارمان نیشاندەکرد

جوان و چاک دیاردەکەوتن، قەلاَ، وەک بووک، لە ناو کەژاوەی میَرگ و باخچەو ناعوورو بالاَخانەو قەیسەری کۆلاَن و کوچەو مزگەوتە بە منارە بەرزەکان و خانی بەرزو سەدتەرز، بەنازەوە، خۆیان دەنواند ..!! بەلاَم تۆ لەناکاو، خەم دایدەگرتی و :دەتووت

مردنم بەبیردیَتەوە، ئەو هەموو گۆرستانە کۆنانە، ئەو هەزارەها کیَل و قەفەس و شوورانەت، بە نامۆیی دەهاتە پیَش چاو، لە پیَش چاوانت دەبوونە زەلاَم. هەموویان دەبونە براو گوڵەی چاوەروان. هەموو بەیەکەوە، پەنچەیان لە چاوانت رادەکرد، دەترسای و منیش بە هیَواشی، گوڵە ناسکەکەی کولمتم ماچ دەکرد، پیَم دەوتی:



www.pertwk.com

خاتوونەكەم، لەم گۆڕستانانە مەترسیَ، لە ٬ ئیمام موحمەد، خوراسانی، چراغ، قەبرستانی گەورەو شیَخ ئۆمەر، جولەكان، ستی ئیمام ٬ مەترسیَ..!!؟؟ ئەو هەموو كیَلە بە نوسینانە. دیَرەزەمانی كۆنمان بۆ دەگیَرنەوە، بۆمان ساخ دەكەنەوە، پیَمان دەڵیَن، بەرووی نەیارانیش رادەوەستن، بۆمان دەچەسپیَنن، كە ولاتەكەمان كۆنە، لەگەڵ رەورەوەی میَژوو، خولی خواردیتەوە. ئاوەدانیمان لە میَژەو هەموو بستیَكی ئەم دەشتە پانە جیَی سیوسیوەی دەرگایە .. گۆڕی هەزاران ئاشقی بەمەرام نەگەیشتوون .. ئەفسەرو شەڕكەری پیَش ئیسلام، كوشتاری شەڕی دارایە. وەستای ئەم منارەیەی تیَدایە. یەزیدییە زیندە بەچاڵكراوەكانی سەردەمی پاشای گەورە، سواری ماندووی هەزبانیەكان، سەربازانی سەلاحەدینی ئەیوبی تیایە. ئەوانەی تیَدایە، خەمی ریَگای گەڕانەوە، شەركەرەكانی مەیدانە خویَناوییەكانی تیَدایە. خۆشنووسی تیَدایە، ئەو منارەیە نەخشاندووە، ئاسنگەری تیَدایە، چەک و تیرو كەوان و سوپەرو مەنجەڵ و نەخشیان .دروستكردووە

كوورەچیەكان، ئەوانەی بەدەست و دووكەڵ و ئاگرو هزریان، هەزارەها كەرپووچیان سووركردەوە. مەولوود خویَنەكانی سەردەمی سولتان موزەفەر، مەلای حوجرەكان وەستاكانی كاریَز هەڵهیَناو پاككردنەوە و .. و.. سینگی هەر یەكیَكان هەزارە میَژووی كۆن و شارستانی ئیَمەی تیَدایە. ئەوانە، هەمووەمان، شانازییان پیَوە دەكەین. ئەوانەی باسی شەڕو سەركەوتن و گرتن و سكەی پارەو تالاَن و خانگ سوتاندن و لافاویان پیَیە. سەربردەی كورەتیمەی حەیران و سوارچاكی لاوەكان و دەست بە شمشیَری تیَدایە. زۆربەیان ئاوات و هیوای گەشیان بردۆتە ژیَرگل، بەو هیوایانەوە سەریان ناوەتەوە. زۆربەیان داستانی غەری ئەسحابانیان لەبیرە، زۆریان قاڵدرمەو كۆشك و قەلاَتی ٬ بەنی حەیر ٬ ی خانزادی سۆرانیان چاكردییە، هەندیَكیان دەستنووس و پەیامیان لە ژیَر سەریان بویتە بالیف .. بەم قسانە، تۆم هیَوركردەوەو ئینجا دەست .لەسەرشان، لەسەر یەک قالدرمەی تەسكا بۆ خواریَ شۆربوینەوە

*****

نازدارەكەم .. لەبیرتە، خانووبەرەی ئیَمەو ئیَوە لە بەردی ٬ قەمچ، بەردی هەزاری، كارەبەرد، گەنمەبەرد، بەردی نەقاری، بەردی رەش، بەردی سیلە، نەرمەبەرد، بەردە زورگ، گاشە بەرد، كیَلەبەرد، چیڵ، كەڤر ٬ دروست دەكرد. دیوارمان .بە قوورو قسلَی بەجەرگ بەرزو راست دەكردەوە

داردیَمەک، دارهەزارە، چل میَرد، باهۆ، چوارچیوەمان لەبیر نەدەچوو. بە دارئەسپیندار، دارگویَز، دارەبی، كاریتەمان لەسەر دارەریَ دەكرد. لەبیرتە ٬ چرو، شەقەرە، قسپ، گەلاَی كونجی، ئاژەن، قەسەر، كفر ٬ مان، لەسەر كاریتەكان دادەنا. ئەستوندە، ٬ كۆڵەگە ٬، ٬ خەسارە ٬، ٬ پالەوان ٬ مان قیت دەكردەوە. داركۆترەمان لەبەر

هەیوان، بەرسڤک رادەگرت. بە خۆڵی سپی ژوورەکانمان سپی دەکرد. سەربانەکانمان بە ˚ مێردەرەوە ˚ بوو. تۆ دەهاتی و دەچوینە کانی، لە رێگادا تۆ تۆپەلە بەفرێکت لە من دەگرت، بەشەرمەوە دەخزایتە کانی ژنان، لەشەرمانە ساتمەت لە باگوردانی سەربانەکەی پێشتت دەکرد. تۆ بەرهەیوانت بۆ مافوورو جاجم و دووگردو لاکێش و جەواڵ چنین بوو..!! من بەفرم دەماڵی و سەربانم دەگێرا، ئەودەمانە تۆم دەبینی، بە نازو ئاگری گەرمی چاوانت گەرمم دەبوومەوە. هەناسەم بۆ هەیوانتان بەرز هەڵدەکشا..! چاوم هەر لە ماڵی ئێوەبوو. نە ئێمە دەرگای حەوشەو شوورەمان هەبوو، نە ئێوەش چەپەرتان لە پەرژینی باخچەتان دەگرت. هەموو گاڤێ، لە دەڤ یەک بوین. گۆشەکانی خانووەکەتان، دیوارەکانی، سواندەو هەیوانتان هەمووی یادی شیرین و زەوقی خۆشی دەبەخشی. بۆیە تۆم هەرگیز لەبیر ناچێت. تۆ پەیکەرێکی بەرزی پشتم بویت. ئێستاش رووی زەمان رەش بێت، ماڵەکەمان گۆزرایەوە، بارمانکرد، بارییان پێکردین ..!! بۆ ئاقارێکی چەقێن، ماڵی ئێوەش بۆ دەشتێکی بێ کانی، بێ سێبەری دارچناران ..!! دوورکەوتینەوە، جاران، هەر لە بانی، ئاوادەبوین، دەگەیشتینە یەکتری، نە کۆلان و نە کوچە هەبوون، بۆ هاتوچۆش سەرەبانی ئێمە رێگای کاروان و مزگەوت و کانی بوو ..!

سەربانی ئێوەش رێگای دیوەخان و جۆخین و ( دێ چرو ) بوو. ئێستاش دەبێ، دە دەوانزدە خانوو ببریت، تا کۆلانێک پێچت پێدەکاتەوە، تا دەسورێیتەوە. ئاوی پیسی کەس نەدەچووە، بەردەرگای کەس. لەبەر بێ ئاوی و کەم هاتنی ئاوو وشکی شێرەکانی ئاو، ژنان دەستیان لە تیتکی یەکتر نەدەنا ..!!

قازو مراوی و چین و ماچین نەدەچوونە ناو گۆمی پیس و زەلکاوی بۆگەن، منالانیش تووشی نەخۆشی لەرزوتاو کەچەڵی نەدەبوون. داخەکەم، کە ناوچەکەمان چۆڵ دەبێت، دەبێتە قامیشەلان و درک و داڵ و لانەی درندەی ترسناک، کانی کۆیردەبێتەوە، کارێزەکان دەتەپن، جۆگەو جۆبارو ئاوەرۆی دەشکێت، کەوو قومری و بازو بولبل و پەرەسێلکە باردەکەن. دیارە زۆرجار هەواری چۆڵ و خاڵی بەسەر ئێمەی دڵدار هاتووە، بۆیە کوری جاحێلی دوورەولات، شوانی گەرمەسێرو کوێستان و پەرگەندە. کە شەوان خزاینە هەوارێ، هەوارەکە خاڵی بووە، لەگەڵ کۆڵێ خەم و حەسرەت و رووبارێکی گەرمی روندۆک و بە قورگێکی زێرین وتویانە،

بەم گوارەی بە گوێتەوە،
وەختە سوێم بۆت بێتەوە، سینگت بەفری قەندیلێ
بە شنەیەک با دەتوێتەوە،
هاتبووم بێمە هەواڵی
.کەوتمە هەواری خاڵی



www.pertwk.com

*****

حەزرەتی نالّی بیَ ٛ بالاَخانە ٛو ٛ ئاغابان ٛ بوو، ژووری رازاوەی ساپیتە بەنەخش دیواری مارنجکراوی سپی پاک وٛ سەرشۆرک ٛ وٛ ناندین ٛ و ئاگردان، شک نابینیَ. هەر رۆژیَ بە کۆلّیَک دەستنووس و کەشکۆل و پەرە شیعرو رەء دەکاتە هەواران و تەماشای گولّی جوانی بەهار دەکات و لە مەجلیسی وادا دەمراستەو لە کۆری شیعرو هەوستبازییدا وەستایە، بەلاَم بۆ بووکی خەیال و بووکی حەزو ئاواتی، بۆ حەبیبەی نازداری ئەو ژووریَکی بەهەیوان و دەلاقە دروست نەکردووە، تا ببیَتە پاشای حەبیبەی خۆزگەی خۆی و شیعرو خەلّکی عاشقی شیعرکانی بیَتەدی، بۆیە زۆر بە نازداری و گەورەیی، چاوی شیعری بەرزو بەیتی فەلسەفەو وشەی کوردی پاراو دەکاتە ژووری زاوایەتی و :جیَگای بۆ حەبیبەی بووکی خەیالی سازدەکات و فەرموویەتی

زەفافەتگاهی پەردەی ئالّی چاوم

.موبارەک ٛ حوجلەٛ بیَ بووک و زاوا

*******

نازدارەکەم، کە تۆ لە دەڤ من نابیت، چاوەکانت دیر دەبن و بەژنی زراڤت، وەک منارەی بەرزی ئامیدی دیار نییە...!! تۆ، کە لە هیچ رەخ و هەنداڤیَک دیار نیت، من .شیَت و دین دەبم. بۆیە بە ناچاری نامەی دوورو دریَژی بۆندارەکەت دەخویَنمەوە نهۆ لیَرە، بەو پەیامە رۆندکم کەمتردەبیَت، تۆ بە دیر نازانم، پاش سلاَڤی گەرم، بۆت نوسیبووم، لەو کاتەی لەیەکتری دابراین، من کەوتمە ولاتیَکی بیَ ئاوو وشک، بیَ دارستان، هیَشتا هەر شەوەو تیشکی خۆر یەکەم بروسکەی بەیانی دەمانبرژیَنیَ...!! بلۆک و چیمەنتۆو کەلّەشیشەکان، دەرگاو پەنجەرەو شیَلمانەکەی هەیوانەکەمان سووردەبیَتەوە. ئۆقرەمان نامینیَت. کە نیوەرۆ دادیَت، تیرۆژی ئەو سۆرتاوە، بە پانایی دەرگاو پەنجەرەکان دیَنە ژووریَ. عەسران دەگاتە بنەبانیَ. دەبیَ بەناچاری دەرپەرینە دەریَ. دەزانی ئیَمە لەبەر رەوەزی شاخ و کۆزەئەسپیندارو قەدی باوەشی چناران، کەم تیشکی گەرمی خۆرمان بەردەکەوت. ئیَستاش حەوشەکە تەسک و دیوارەکان بەرزن. هەر دۆزەخیَکە بۆ خۆی و حەوانەوەی تیَدا نییە. لەبەر دلّە زامدارەکەمان، بۆ سیَبوری دلّی تەنگمان، لەناو چەند کۆنە تەنەکەیەک، دوو سیَ، شتلە .رەیحانمان چاندووە. یەک دوو، بنە لاولاو و لیفکەمان، بەسەر دیوارا بەرزکردیتەوە لە هەمووی سەیرتر.! ئەو دوو ٛ چاوە ٛ خانووەمان بە مانگیَک کەمتر سەرگرت، چوینە ناوی. هەند زوو تەواو بوو، هەموو بلۆکەکان دەناسمەوە. دەزانم کام رۆژ ریَزی یەکەم و دوا ریَزی قیتکرایەوە. تەنافی وەستایەکە، چەند جار ئالّۆزبوو. چەندجار لە

بلۆكە دەم و روو تیژەكان گیربوو، پسان. دەشزانم، تەرازووەكە، لەسەر كامیان راگیرا، كامیان پەنچەو چۆكی ئەوو ئەوی تری بریندارکرد. كامیان دەستیان كەوتە بنی و نینۆكی هەڵتۆقاند. دەرگامان چۆن تیَخست...؟؟!! كوو پەنجەرەكانمان راگرت و تەرازوومان كردن. هەنگاو بە هەنگاوم لەبیرە، بۆیەش بە رەسەن و بە هی خۆمانی نازانم، بۆنی باب و باپیرانی لیَ نایَت. هەستی هەرەوەزی قوورەپەست و خۆڵەبان و دارەریَ و چرۆپانكردنەوە، تامی دروستكردنی پیَوە نییە..!! بە گەمەی منالاَنی دەزانم..!! بە ' حامۆكی ' و ' خانیەچۆلە 'ی منالاَنی دەزانم.

خانووبەرەی جارانمان كۆن و دیَرین بوون.! بابم لە باپیرمەوە بۆی بەجیمابوو، ئەویش لە باوكیەوە. هەموو ساڵیَ خەڵكی بە گشتی دەستیان تیَوەردەدا، بۆنی هەموو ئاوایی لیَدەهات، بە تایبەتی بۆنی تۆی خەونی من.

من بەردی بناغەی هەموو خانووەكانی گوندیم داناوە، من تەختەو ' بەردی سیلە 'ی دیوارەكەم بە خۆم هەڵبژاردووە. زوو دەست نیشانم كردبوو، لە رەوەزە شاخیَكەوە هینابومانەوە. هەر دەلاقەیەكی، قوژبنیَكی، كاریتەیەكی، شاداریَكی تامیَكی خۆش و یادیَكی شیرینیان پیَوەبوو. هەموویان، بە كەرەستەی خۆمان و بە دەستی وەستایەكی گوندی دروستكرابوون. سەرەبانەكانی، جیَگای سیَرچكانیَ و دامەی پیاوانی ئاوایی بوون..! كانی، باسی خەون و مەزاق و خۆجوانكردن بوو...!! دیوەخان، ئاخاوتنی بەسوودو شەوچرەی بە زەوق و دانیشتنی برایانەو جیَگای پیاوەتی و ئیسراحەت بوو.

لیَرە چوونە بەردەرگا عەیبە، دەرچونیش هەر نییە...!! كەس كەس ناناسیَ، ئەگەر وابروات، پیَكەنین و دەستگەمەی جارانی سەركانی دەستەخوشكانم لە بیردەچیَتەوە. ساوار كوتانەوەو گۆرانی و بالۆرەو شەوچەرەی حەقایەت گیَرانەوەو مەیل مەیلانیَ و چونە ریَواسان و سركەدروستكردن و گویَزهیَنان و نانەگریسەو مەشكەهەژاندن و دۆغەوالیَنان و بەرگەبالیف نەخشاندن و تەون و .. و.. كورە رەنگە ناوی خۆشم لەبیر بچیَتەوە..!! ئەوەم باشە، تۆم هەر لەبیرە، بەلاَم، هەر خەفەت دەخۆم و لاواز دەبم. وا بزانم ئیَستا بمبینی نامناسیتەوە..!! لیَرە دەزگای پۆلیس و دەزگای تری بەترس هەیە. بیستوچوار سەعات، لە پیَشمان قیت دەبنەوە، چاومان لیَ زەق دەكەنەوە..!! بە بیَگانەو لایدەمان دەزانن.!

نازدارەكەم، لەگەڵ خویَندنەوەی نامەكەت، فرمیَسكی ئەشك و خەم، لە گەڵ دیَری نامەكەدا تیَكەڵبوون، زۆری سرینەوە..!! چۆن دەبیَ .؟ تۆی دەلال، تۆی نازدار، لەسەردەستان رامگرتبووی، وەكی دۆمان بیَجیَ و بیَ هەوار بیت...!!؟؟ تۆی نەرم و نیان، لەبەر سابات و سیَبەری فیَنک، حەقتە..!! ئیَستا، چۆن بەرگەدەگریت، چۆن رەش هەڵناگەریَت..؟؟ چۆن هەناسەت دیَ..؟؟ حەیاتەكەم. ئەگەر نەمتوانی بالاخانەی دوو نهۆم و هەیوانی روو لە

چیات بە خیَرایی بۆ دروست بکەمەوە، ناچارم، بە خەیال، وەکی کورەتیمەی حەیرانی خۆمان.

.. کەپریَکت بۆ بکەم
دیواری بکەم بە سۆتکەی
مارنجی لە خەنەی
شەقرەی لە سەندەلوسیَ
کاریتەی لە خاسە رەنگیَ
سواندەی لە قەنەفریَ
!!..هەراشی دەکەم بۆ بەژنی تۆ

******

راستە نبوخدنسر لە بیابانی گەرم و بیَداری گەلاَی تەرو بیَ خونچەی ناسک و بۆنخۆش و هاژەو خورخورەی ئاوی بیَگەرد، بۆ ' ئامییت ' ی دولَبەرو دلَتەری پاشای میدیای کویَستان، باخچەیەکی هەلَواسراوی دروستکرد.! کەنیشکەو دۆی شاخ و ناو بەفر، ئامییتی کچی پاشای میدیا، باخچەیەکی هەلَواسراوی ویست. ئەو چل و پیَنچ سالّ میریَکی مەزن بوو، چەند کۆشک و ریَگاو پردو شارو پەیکەری دروستکرد. شاری بابل، بووکی ئاوەدانی بوو، هەمووی رووخاو بیرچوونەوە، بەلاَم باخچە هەلَواسراوەکە، چونکە بۆ شازادە نازدارەکەی دلّی خۆی دروستیکردبوو، هەر بەپیرۆزی مایەوە. ئەو دەستی دەرۆیشت، لە هەر شاخیَک بەردیَک، لەهەر زوورگ و گردیَک توورەگە خۆلّیَک، لەهەر رەزو باخچەیەک، بنەداریَک، لەهەر میَرگ و زەندۆلّیَک گولّەنیسان و حاجیلەی هیَنا. وەستاو کارمەندی هەندەرانی گواستەوە. کریَکارو زەحمەتکیَش و مەچەک ئەستووری ماندوو کرد. باخچەی هەلّواسراوی دامەزراندو ئاوی بەسەرخست. بالّداری جوان و خۆشخوانی هیَنا. مامزو کۆترو پەپولە پەیدابوون، باخچەی کردە بەهەشت..

ئاوی تەزی و سابات و قاسپەی کەوو لاسکە ریَواس و هەناری میَخۆشت دەویَت، من دەزانم، حەقی خۆتە ..!! زەحمەتە من بتوانم ئەو دلّە تەنگەی تۆ لەو لانە تاریکەی ئیمرۆ رزگار بکەم..!! دەستەلاتم نییە. هەر ئەوەندەم لەدەست دیَ دلّم بکەمە !!..زەقوورەیەک تایبەت بە تۆ، هەر یادی تۆ

زەریە جوانەکەم ..! زۆرجار بەبیانۆ، بەفیَلّ، بەمیَوانداری، بۆ ساوەرکوتانەوەو بۆ زۆر ئیشی تر دەهاتمە مالّتان. هاتنم خۆش بوو. ناخۆشیەکەی ئەوەبوو، کەم دەمامەوە. ئەو



www.pertwk.com

رۆژەی كاریتەی ناوەندی ژووریَكتان شكابوو، بۆ گۆرینی بە كاریتەیەكی ئەستوورو
دریَژ هاتبووم، ئەوەم زۆر لا خۆش بوو. گۆرینی كاریتە، كاتیَكی زۆری دەویست.
هەردوولا، دیوارە ئەستوورەكەمان، لە تەنیشت كاریتە شكاوەكە كونكرد، كاریتە
نوێیەكەمان، هیَنایە ژووریَ و سەری لای دیواری دەرەوەمان تیَراكرد، سەرەكەی
ترمان بە زەحمەت تیَهەڵكیَشا. تۆش هەردوو دەستت لەناو كەمەرت نابوو، لەدیارمان
راوەستابووی، بۆنی میَخەكی ملت هیَزی زیاتر دەكردم. بە ' هەزارە '، كاریتە پیرو
ماندووەو شكاوەكەمان دەرهیَنا. ئەو رۆژەم قەت لەبیر ناچیَت. چونكە، بۆتان
ماندووبوم، ماڵەوەتان زۆر ریَزو سوپاسیان نواند. لەو رۆژەوە زیَدەتر خۆشیان ویستم.
فیَربووم بە گەرمی هاتوچوتان بكەم، بە ئاسانی بە كلیل و پشكەی دەرگاتان بكەمەوەو
بە دوای خۆمدا دەرگاكە خشت كلیل و لە ریَسە بدەم، چیتر لە قونەدەرگا دانەنیشم،
هەڵكشیَمە بنەبانیَ، تۆش بالیفی بەنەخش و بەگوڵم لە پشتی دابنیَیت. چای دیشلەمەت
لە پیَش دادەنام، بەتیری چاوانیش زۆر لە نزیكەوە، سەیرت دەكردم، بۆیەش حەزم
دەكرد، زوو زوو كاریتەیەكی ترتان بشكیَت، كاریتە شكاوەكەم زۆر خۆشویست. ئەو
رۆژەش خۆش بوو، كە كاریتەیەكمان بە دیواری پشتەوەتان، تا خوار نەبیَ و نەرزیَت،
بە دیوارمان هەڵواسی. ئەو رۆژەش بوو، كە تۆ چەپكە گوڵەروونەكەت دامیَ و لە
ژوورەكەما هەڵمواسی، رۆژ بە رۆژ، رەنگی جوانترو زەردتر دەبوو، بۆنی هەر ماوەو هەر
دەمینیَت، نەمزانیوە گوڵەروون، ئەوەندە لە ژوورەوە بمینیَتەوەو وشك بیَتەوەو
.هەڵنەوەریَت
*****

من و تۆ بەیەكەوە، چوینە میَوانی هونەرمەندی گەورەی كوردمان عەزیز سەلیم ، لەو
ژوورە پڕ رەنگ و پڕ تابلۆیانەدا، هەردووكمان، چاومان لە تابلۆ هەڵواسراوەكان،
لوولدراوەكان، سەیری هەموومان كرد. ویَنەی كیژی گۆزە لەسەرشان و چل كەزی و
چاورەش و ناوقەد باریك و سینە ساف و روومەت سیَوو بەژن چنارو گوندی رۆخ
رووبارو بالاَخانەی بەرزی چەند نهۆم و پاردەی بەبەردی ریَكمان بینی. لەناو ئەو
هەموو جوانیەیانەدا، رووم هەر لە تۆ دەسوراند، خۆم لە تەماشای جوانیت تیَر دەكرد.
لەناو سەدان پۆستەرە تابلۆكانی ویَنەی هیچ جوانیَكم هەڵنەبژارد، دڵم هۆگری هیچیان
نەبوو. چونكە تۆی خەیال و تۆی ویستم لەهەموویان نازدارتر بویت. لە دواییدا دیمەنی
:خانویَكی قەلاَتی هەولیَرم دەست نیشانكردو تۆش بە نەرم و بەنازەوە، وتت
.بەزەوقی، چاك دەزانی كام دیمەن لە ناختا جیَگای دەبیَتەوە
چاوم لەوەبوو ویَنەكان تابلۆیەكان لە ئامیَز بگرم، تا ویَنەكان خزمایەتی و ئاویَتەی
روحیم پتەو بكات لە گەڵ هەوارو دیوەخان و خانگ و ئاگردان و بەهەیوانی و پشت
هەیوان و سروشتی جوان. هەموویان ئەوەم بۆ دەگیَرنەوە، هەموو بەیەكەوە هەست و



www.pertwk.com

چاو ونیگان، لە گەڵ شویَنەکان و لە گەڵ تۆدا جووت و ئاویَتەو مەستم دەکەنەوە.
لەگەڵ ویَنەکانا، تابلۆکانا تیَکەڵدەبووم و لەبەر چاوانم بە خەیاڵ ئەو هەوارانەم
دەژیاندەوەو خۆم لە زریانی ساردو هورەی گەرمی رۆژگار دەشاردەوە، لە ژوورانەدا، لەو
ساتە گەرمەو تاوانەوانەدا بەرووی دەهاویشتە بن خۆلەمیَشی ناو ئاگردانی ژوورەکەو لە
سەماوەری سەردەلاقەی پاک و نزیک دەبوومەوە و قەندیلۆکەمان بە دیوارەوە
دادەگیرسانو سۆبەی دارمان وەک دەندووکی کەو سووردەکردەوە و دووکەڵی
سەربانەکەمان بەرەو رووی بەرینی ئاسمانی دەفری و موژدەی سوتانی خۆشی دەگاتە
.ئاسۆی چاوەروان
چەند لەم هەوارە نزیکدەبوومەوە، سۆزی ئەڤین و حەزی دیتنمان جۆشدارتر دەبوو،
.سەربردەی ئەو کۆچە کوشندەیە ئەوم لەبیرناباتەوە
نازدارەکەم، من دەمەویَی، ویَنەی بالاخانەیەکی جوانم لەلابیَ، قەستدەکەم، هۆدەو
چاوەو ئاغابان و دیوارخان وٌ گورگە ٌو سواندەی تەلارم بەرامبەر بیَت. من دەمەویَی،
سەردانی کەلاوەی رووخاویش بکەم. لە پەنا دیواری هەرفی دۆش دامینیَم. من
حەزدەکەم، زوو پیَش بارانی پایزو موژدەی چاوی جوانی نمەی روناکی ئاو خۆڵەبانی
خانووەکەم بکەمەوە. من بەراستی و لەناخەوە هۆگری بەردکیشانەوەم، سەر دیوارەکانم
لاخۆشەو بەرزم رادەگریَت. ویَنەی ئەوانەم لا پیرۆزە .. بەلاَم ئەفسۆس . تۆش دەزانی
لافاوی رەش و دەستی چلکن و ئیرەییان پەلاماری منیاندا، هەتیویانکردم، بیَ سیَبەرو
پەنا مامەوە، بۆیەش کرنۆش بۆ ویَنەیان دەبەم و حەزیان لیَدەکەم و لە خۆمیان مارە
دەکەم. پەیڤی ناسک و سترانی بەسۆزو بە جورئەتیان بۆ دەڵیَم، وەک دایکی جگەرسوتاو
و بە هیَمنی ویَنەکان دەهیَنمە سەرسینگم و بە کۆڵ و بەسەردولکەو بە فرمیَسکی
گەرم و لیَوبەباری خۆمەوە شینیان بۆ دادەبەستم و پرسەیەکی گەرمی بە نهیَنیان بۆ
دادەنیَم، خەڵک و ناسیارەکانم بە کۆمەڵ، دەستە دەستە، بەپشتشکاویی و ئاخ و ئۆفەوە
.بیَنە پرسەکەم و بیَ دەنگ و دەست لەئەژنۆ دانیشن
نازدارەکەم، منالاَن فیَربکەین، خانیچۆڵە، حمامۆکیَ دروستبکەن، بیردۆزو زەوقەکەی (
:خلە) بچەسپیَنین، کە خەڵکی گالتەیان پیَدەکردو پیَیان دەووت
.. خەڵکی باری دەکردو خلەش کەپری دەکرد

****

لەوەتی هەین جیرانین، دیوارمان پیَکەوە، گیَمان لە دەنگی یەکتردەبوو، بەشداری خەم و
چۆکشکان و شایی و خەنەبەندان و نەورۆزتانم. لە زبارەو هەرەوەرزو یارمەتیدان یەکەم
کەس بانگدەکرام. لەگەڵ بانگی کەلەشیَرو کازیوەی بەیان، بە بیَل و جەواڵی خۆمەوە،
وەک دارکرۆسکی بەرماڵتان شیندەبووم، یەک پیَ ئامادەی خۆڵەبانتان دەبووم، هیَشتا
کەس نەهاتبوو..!! من قاڵدرمەی دارم دروست دەکردو بە گوریس پیَپیلیکەکانم توند

دەبەست، ئەوجا خۆم دەبوومە ' سەربانەکە 'و سەرپەرشتی خۆلەبانەکەم دەکرد، بە جوانیش دەمپەستایەوە، جوالّی پڕ جەفت و وردە بەردم لەکۆڵ و لە پشتی خەڵکەکە هەڵدەڕشت و ئاستی راستیم لەسەربانەکە رادەگرت، تۆش بەرامبەرم خەریکی سەوە تریَ و هەنجیرو هەناران دەبووی، پاکت دەکردنەوە. هەر کە تۆ ئامادەدەبویت، من :خیَراو بەزەوقەوە دەمووت

.پالە .. پالە .. سەربانەکە

خەڵکی سەرقاڵدرمەکەو بیَڵ بەدەستەکان، لە سەوە پڕ میَوەکان کۆدەبوونەوەو قوورگی وشکیان بەو میَوەو فیقە تازانە تەڕدەکردو تیَنویتیان دەشکاند، ئەوجا دیسان دەگەرانەوە .سەر ئیشەکە. من دووبارە دەبومەوە سەربانەکە

زبارەی ' دیَ چرو 'ش تامیَکی خۆشی ئەفسوناویی هەبوو، گەرچی ماندوودەبوین، بەلاَم خۆش بوو. لە گوندی دەچوینە دەریَ، گلدەبوینەوە، بۆ پەپولە باڵرەنگینەکان دەچەماینەوە، بۆ سمۆرە کلک زەردە چاوە ئەستیَرەی سەر دارگویَزەکان سەرمان بەرزدەکردەوە، بۆ کەوەکان خۆمان مات دەکردو قاسپەکانیان حەیران و مەستی دەکردین. بۆ ئاوی فیَنکی کانی دەنوشتاینەوە، بیورو گوریسمان لە تەنیشت گیَدریَژەکەمان دەبەستاو تەماشای بەرزاییمان دەکرد، لە نشیَوان بۆ بەرزایی، لە دۆڵەکان بۆ لوتکە، لە میَرگان بۆ ناو رەزان .. لەکن دارچروەکان دادەبەزین، بە هەستیَکی بیَ فیَڵ و بەریَزەوە خەریکی چروبرینەوە دەبوین. دیَ چرومان هەڵدەبەستا. دیَ چروی مالّی ئیَوە کۆن بوون، نەبرابونەوە، نەسوتابوون، نزیک مالاَن بوو. قالبە دیَ چروکەتان گەورەبوو، چروی زۆری دەویست، تەنیا من بۆتان ماندوو نەدەبووم و هەستم بە هیلاکی نەدەکرد، وام دەزانی بۆ سەیران !!.. هاتووم

لەو قالبە دیَ چروە زەلامانە، چرومان لەسەریەک دەکردە ' دەوەن ' . چروەکانمان سەربەرەوخوار دادەنا، تا بەفرو باران تەریان نەکەن، بە دامەزراندنی پوخت و چاک بەرگەی شەش حەوت ساڵیان دەگرت و دەمانەوەو کەلک و سوودیان دەبەخشی. پاش ئەو ماندووبونە، کاری ئەو رۆژە دریَژە، دەخزاینەوە مالّی ئیَوە، داوەت و سەماوەری جوان و ئاخاوتنی ریَزو حورمەت، پشومان دەدا، پشتمان دەکردەوە، گوڵی کراست و بسکی دریَژت و شەتلە رەیحان و ئامانی پاک و تەمیزەکانتان، تۆی خەون و... هەموویان بەیەکەوە ئۆخەیەکی خۆشیان بە دەمارە ماندووەکانی جەستەم دەداو .ئیسراحەتم دەکرد

نازدارەکەم دەبیَ ئیَستا دیَ چرءکەتان مابیَ ..!!؟؟

!!. دەبیَ ئەمجارەش قابیل بیَ دەوەنە چروی لەسەر دابنیَنیَنەوە

دەبیَ بهیَلیَ خەونی خۆش و دیداری تۆم بۆ ئاشنابکاتەوە ..!!؟؟



www.pertwk.com

دەبێ نەفرەتمان لێ نەکات و بە خزمایەتی جارانمان قبولبکاتەوە، ئەگەر واش نەکات حەقیەتی..!! چەند ساڵە بارگەو خشل و دەولەت و بوخچەو رەشماڵمان پێچایەوەو هەمووومان لە کۆڵی خۆمانکردو بارمانکرد، ئەومان تەنیا جێهێشت.! کە بێ دەوەنەچروش بووە ساردی سرِی کردووە.!

هەر شەیتانێک هاتووە لقێکی شکاندووەو زامی سەختی تێکردووە، ئەگەر سوتاش بێ کوێرایمان دادێت، حەقی لە ئەستۆماندا هەیە، رۆژی قیامەتێ دێتە زووبان و پەنچەمان لە چاو رادەکات ..!!

*****

نازدارەکەم، تۆ لەناو دەفتەری بیرەوەریمدا لە خەیاڵی گەرۆکمدا، لە چاوی زەق و تێگەیشتنی ئێستامدای ..!!
تۆ کیژێکی کوێستانی .. کە زستانی زەحمەتەو بەفری دێتە چۆکان، ساڵی شەش مانگ ساردە، بەس گونیەو داری ولاتانی ترمان دەپەستایەوە ژووریَ. خانووی ئێوە بە خشتی جوان و سواخدراو دروستکرابوو، بایەخیان بە جوانی ئاکاری دەرەوەی دابوو، بۆیە زۆر گەرم نەدەبوو، هەر خەمی تۆم بوو. بەلاَم خانووی ئێمە بە" مۆرە" کرابوو، نەفەسبربوو، بێ کولانکەبوو، چاک لە ساردی زریان خۆمان حەشاردابوو. ئەو مۆرەیە، وا دروستکرابوو بەرگری سوپای زستانی ئێمەی دەگرت ..!! هاوینان رۆژێ یەک دوو مۆرەمان لە قووری بەجەرگ و پەیت قیتدەکردەوە، ئینجا مۆرەکەمان چاک دەپەستایەوە، پاش کزربوون و وشکبوونەوەی، یەک دوو مۆرەی ترمان لەسەر دەکرد، تا دەگەیتشتە دارەریَ، لەسەر دارەرییەکەش مۆرەیەکی ترمان دروستدەکرد، دەبووە هەنوان، لەم هەنوانە یەک دەرگایە کوردەوارییەدا، گەرم دەبوینەوە.! کوردەواری چاک و جوانیان بۆ هەڵبەستابوین، کە وترابوو:
نەخانی دوو کون
نە پیاوی دوو ژن ..!!
سۆبەمان دەهاویشتیَ، وەک برێشکە سووردەبۆوە، بواری خۆلەمێش و مشکیمان نەدەدا، هەر دەسووتاو لەگەڵ سوتانا، دڵە بێ ئۆقرەو یارە دوورەکەی، هەر دەسوتا، بە حەسرەتی ژووان و دەستکرتن و قسەی بەتام و بەڵێنی مسۆگەرو رفتاری ژنانەت بوو.
ئەو زستانە بۆ دڵی ئەسیرم، بێجگە لە شەمشەمەکوێرەکەی بنمیچەکە هیچی ترم بەرچاو نەدەکەوت، لە دیوار زیاتر هیچم لێ دیار نەبوو..!! سەرم بەرزدەکردەوە، هەر



www.pertwk.com

کاریتەو چرو دیاربوون..!! کە بەفریش دەتاوایەوە، دار چەکەرەی دەکرد، چواردەوەرەمان وەک مافووری نەخشین دەبریقایەوە. دەچوینە رێواسان، شاییمان دەکرد، بە خۆم قەفی کەمەرەی پشدێنەکەتم دەژمارد، تێر کەزیەکانتم بۆندەکرد، تێر بۆنی گوڵی ئەم کوێستانەمان دەکردە هەناوی دەمارەکانی ناو خوێنمان، من دەبوومە ئۆدەڤانی دیوەخان، تۆش کابان و خاوەن مولکی جوانی و ناز. منی دڵدارو منی ماندووی حەز لە ژیان، بوارم وابووە، کە دەبێ بژییم و بەرگەری سروشت و خەرتەڵ و گورگی هاری ناو رانەمەرو بگرم. ژیان واتە بەردەوامی، واتە رێزکردن و نەخشاندنی بەسوودی مێژووو .. خۆبەمرۆڤزانین

!.کورد وتویەتی: کە رزقت سواربوو، رووی دەرگات بگۆرە

بۆیە بۆ ژیان و دەرامەت، ترێ و هەنجیرم لە کوێستانەوە بەناو دۆڵ و گەوەو کۆرەرێ .دەرۆیشتم و تەماشای گوڵی بووکی جوان و رازاوەی مێرگم دەکرد

دەخزییم و لە بەرزایی شاخەوە بۆ زوورگەکان، بۆ دەشتەکانت شۆردەبوومەوە، جۆگەڵە ئاسا لەکانی دەزام، وەک مار لوولم دەخوارد، ولات و دەشت و گوندو مەجرام دەبری .. لە هەندێ شوێنت دەبوومەوە خێراتی جوانیێک، لە باخچەیەک دەگیرسامەوە، گوڵە پێغمبەرو گوڵە گەنم و گوڵەبەرۆژەو جۆم پێدەگاندو دەرۆیشتم ..!! لە هەندێ شوێنی ترا، دەخزامە ناو تونیل، دەچوومە ناوکارێزەکان، سەری خۆم هەڵدەگرت و ئاوم بۆ وەرزێری ماندووم دابیندەکرد، توخنی ئاغای هەوری بەسەری خاوێن نەدەکەوتم.! تا دەگەیشتمە شوێنی مەرام و بارەترێ و هەنجیرو سماق و بارەدارو سرکەو مێوژم :دەگەیاندنێ. دەچوومە سەربانیێکی بڵندو گازم دەکرد

.. وەرنە ترێیان

.. وەرنە هەرمێیان

.... وەرەنە هەناران

!. من لەلایەک و دێوەرەش لەلایەکی تر بانگمان دەکرد

..... دێوەرە خەناوکە

... دێوەرە نوقل

!.. دێوەرە ترش و شیرین

. مامەی هەورامیش دەی ووت ... بنیشت بەپەرۆ

کورەچییەکان بەکەرە بە زەنگۆڵەکانیان، زبڵیان بۆ کوورەکانیان لە گوفەکان کۆدەکردەوەو .شەڵتەیان دادەگرت

بەو کاروانە درێژە، چاوی ئەسمەرو کیژۆڵەی دوورنەکەرو سەربەردە بێرو دۆلاَبی .. ئاوی بیری چەند بەژن قووڵ و خەزێم و گوارەی بەکاریتەم دەدیت

.. زەلامی ماندووو ژنی بەپەرێزم خۆش دەویست

!!..دەشتی بە هەوڵدان و ئارەقی رەش و شینم هەست پێدەکرد

.... خەڵكی كۆڵنەدەرو شەیدایانی ژیان و سەربەستیم دەدیت

******

پاشایەكم، كە من لە تۆ زویَربووم، خۆم دەشاردەوەو لەناخی دڵیشمەوە بۆ دیتنت دەكولاَم و چەپكەتیری تەماشام لەچاوانم زابوون و ئۆقرەمان نەمابوو. قەستم دەكرد بە خەزیَمەی دەرگاتان ئاگادارت بكەمەوەو بیَمەوە بەرامبەرت. بەلاَم تۆش هاتیتە پیَشم و سەیرت دەكردم و چاوەكانت بە فرمیَسك زابوون .. شلەژابیت و هەر چاوەكانت لە چاوانم دەبری .. ئەو رۆژە كۆچیَكی رەش بوو، وەك شیَتان كەوتمە ئاقاری و چوومە پەنا دیواران، دووركەوتمەوە، لە دوورەوە دیقەتی گوندیم دەدا. تۆ چوبویتە ئاسمان و كەوتبویتە نیَوان هەورو ئاسمان و دیارنەبویت، حەجمانم نەبوو، سوورم دەخوارد. من سەد ساڵیش دەرەبەدەربكریَم هەر دیَمەوە، تاشەبەردی بەرمالاَنتان لەبازارو بالاَخانەی چەند نهۆم بەرزترو جوانترە .! من هەر دیَمەوە .. كانی نزیكتان لەكانیەكانی تر روونترە، خەونی بەرهەیوانتان خەونی بەهەشتیم پیَدەبەخشیَت. پەنجەكانم هەڵدەوەریَن، دەقەڵەشن، نینۆكەكانم یەك یەك بەردەبنەوە، ئەگەر لە ئاگردانی گەرمی ئیَوەی دووربم ! ماڵەكەتان حەوانەوەو پشووم دەداتیَ، بالاَم گەز گەز لەگەڵ ئەسپیندارو چنارتان بالا دەكات، تەبەشم دەبیَتە سیَوەلاسوورەو ناوشانم دەبیَتە لادیواریَكی بەرگری قەلاَو دارەریَ و خۆڵەبان و بەفرو باگووردان رادەگریَت. لەتۆش دووربم بروا دەكەی مردووم، !!.. بروابكە من بەو بایە دەژییم لە كولانكەو سەربان و باخچەو لای ماڵتان دیَ دۆش دامابووم، لچشۆر، كەوتبوومە بەحری خەممان. لەو كاتەش، لە گوندی، لەسەرووی كۆشكتان، شاییەك دەگەرا، سەربانەكە ببوە میَرگیَكی رەنگین، كۆلاَن چۆڵ و دەرگاكان داخرابوون، چەپەرەكان گاڵدرابوون، كەس لە ماڵی خۆی نەبوو ..!! تەنیا من نەبیَ، من تەنیاو پشتم بە كۆترەی هەیوانیَ دابوو .. لەودەمەدا، لەگەڵ خشپەی پیَیەكانت :هەشیاربوومەوە، تۆ هاتی و وتت

!!. ئەم شاییە بیَ تۆ شینە

ئەم زەماوەندە بیَ تۆ بەتاڵە، ئەم دیمەنە رەنگینە بیَ تۆ تاریكە .. هەڵسە وەرە، با لەناو یەكترا ئاویَتەبین، وەرە شایی، من دیَمە دەستت، من شان لەشانت دەخشیَنم، من كولمەم لە روومەتت نزیكدەكەمەوە، من نزیك دەبمەوە، من .. من و تۆ ئەم هەوارەمان گەرمكرد، شاییەكەمان گەرمكرد، من و تۆ شویَنەكەمان كردە بەهەشت .. بە شاییەكە سەربانەكە، شویَنەكە كەوتە لەرزین، چەپەرو پەرژین، دەرگاو دەروازە، هەموو .. هاتنە .. تەماشا

لەو رۆژەوە خۆشەویستیمان لە کادین و مەرک و کوزەک و شوێنی لاچەپەکان چووە سەربانەکان، لەسەربانە بێ مێردەوەکان بە ئاشکرا بوو، لە شوێنەکان هاوارمانکرد .. هەموو خەڵکی گوندی و ئاواییەکان زانیان، ئەو کاتە، ئەو رۆژە ئاگامان لەکەس نەما، لەناخەوە هەڵپەرین، بە سۆزەوە ، بە حەسرەتەوە هەڵپەرین، لەو رۆژەداو لەم شوێنەدا زانم شایی لەگەڵ تۆ، شایی لە دەستی تۆ، دەمکاتەوە پاشای قەلاَکان، کەلاَوەکان دەبنەوە کۆشک، تۆم لەگەڵ بێ زەوق و هزری بیناسازییم فرە دەکات، نەخشەی جوانم دێنێتە خەیال، پەنجەکانم هێلی راست رادەکێشن، باخچەو نافوورەو بۆشایی زیاد دەکەم. کە شایی گەرم دەبوو، چاوی زەق و زیت تەماشایان دەکردین، لەبەر گازاندەو وردە هەوال و ژووان و پرسیاری زۆر ئاگامان لەکەس نەما، ئاگامان لەخۆ نەدەما، زۆری نەدەما لە .سواندەکە بکەوینە خوارەوە

نازدارەکەم، لەبیرتە کە پێم وتی، دەبێ کەی شایی ئێمە نۆرەی بێت ..؟؟!! کەینێ، قوورکاری و دیواردروستکردن و لەودە سواخدانەوە بێتەوە ..!! کەینێ .. ئەوجا بەراستی دەکەومەوە ناو ئەندێشەی بیناسازی و خانووی وا دادەمەزرێنم، ژوورەکان هیس نەبن، گەورەو بەرەو تیشکی خۆر بن،  خەڵکی بۆ تەماشات، نەیارانیش کۆچبکەن و ئەو بەیتەی :( حاجی قادری کۆیی) مان لەبیر نەچێت کە فەرموویەتی

زۆر سەگم دیوە، فەقەت نەمدی رەقیبی هەندەسە
.وەزعی نامەوزوون دەبێ وەک خانووی بێ هەندەسە

هەولێر/ هاوینی 1990 - زستانی 1991

.تەواو


www.pertwk.com

پاشکۆ .......

.تویخ: نهۆم :1
.سابات: کەپر :2
بەهاربەند: شوێنێکە وەک بەرهەیوان، لایەکی بەرەلاَیە، کە تەشقی سەرما دەشکێ :3
.بەرزە ولاخ لە تەویڵەدا گەرمایان دەبێت، لەوێ دەیانبەستنەوە
قونگرەی زەیتی: قونگرەی تایبەتە لە قەلاَتە گەورەکان، لەم شوێنانەدا زەیتی کولاَو :4
.بەسەر نەیاران و هێرشکەرانا دادەکرا
کونەتیر: کونی بچوکە دەروانێتە دەرەوە، لە دیواری بەرزو بالاَخانەو سەربان و :5
.بانێژەکانایە، لەوێیەوە تیری بەرگرییان لە دوژمن و نەیارانیان گرتووە
کونەتۆپ: کونی گەورەن، لوولەی تۆپی پێوەچووەو لەوێیەوە ئاراستەی دەرەوەکراوە، :6
.لە قەلاَت و سەنگەرەکانەوە ئاراستەکراوە، لە قەلاتی ڕەواندوزا هەبووە
بەردە نوێژ: بەردی پان و تەخت و لوسە، بۆ نوێژکردن لە زۆر شوێنی گشتی و :7
.سەرەڕێ، دانراوە و پاک و خاوێن ڕاگیراوە
ڕوو لە ئاکرێ: بۆ ئاراستەی ڕوو بەکارهاتووە، واتە ڕووی لە شاری ئاکرێیە، لە زۆر :8
.شوێندا ئەم دەستەواژەیە بۆ ڕوو و ئاسۆ بەکارهاتووە
.قەمتەرە: سەرەدەرگای بەرزو قایمی خانووو حەساری گەورە :9
کۆترە: داری هەیوان، لە خانووی ( عەتولا ئاغای هەولێر) ا، زۆر بەکارهاتبوو، :10
.سەرەکەی بە نەخشە
دارپالەوان: داری ئەستوورە، بۆ توندکردنی دەرگاو دیواری لار بەکاردێت، بە :11
.پشتی دیوارەکەی وەدەنێن
.هەورەبان: لەناوچەی هەولێر بەیتونەیە :12
.گولتە: دیوارێکی پان و ئەستووری لە قوورە بە دیواری لارو درێژی وەدەنێن :13
خانووی جەمیلە فەندی: خانووێکی نازداری کۆنی قەلاَتی هەولێرە، زەوق و :14
وردەکاری هونەری و بیناسازی بەرزی تێدا بەکارهاتووە، دەزگای شوێنەواری هەولێر
.بە جوانی پاراستویەتی و پارێزگاری دەکرێت
.سیوسیوە: شوێنی دانانی دەرگای جارانە لەسەر ئەرز :15
باهو: چوارچیوەی دەرگایە، کە لە داری گوێز دروستکرابێت، یان تەختەی :16
.دارگوێزە لە بنمیچی خانوو دانراوە و لە هەورەمانا هەبووە



www.pertwk.com

خۆشاب: قەلاَیەكی بەرزو سەختی كوردە مەحموودیەكان بووە، لەسەردەمی نۆیەمی :17
.كۆچیدا دروستكراوەو دەكەوێتە سەرشاخە بەرزەكانی ناوچەی هەكاری
قەلاتی كوردان: قەلاَیەكی سەختە لە شاری ( حومس) ی سوریایە، لەسەردەمی شا :18
سەلاحەدینی ئەیوبیدا كورد لەم قەلاَیەدا بوینە، ئێستاش شوێنەوارێكی مەزنە.
چەندین قوللەو دیواری بەرزو پان و سەنگەرو جبەخانە و ژێرزەمینی تێدایەو یەكپارچە
.بەبەرد دروستكراوە
شێروانە: قەلاَیەكی بەرزە لەناوچەی كەلار، لەلایەن بەگزادەكانی جافەوە :19
.دروستكراوە
چەپەر: دەرگای باخچەیە، بەدرك و تیسوو كورتەدار دروست دەكرێت، :20
.سەنگەریشە
.هەتان: رەشەخان، دروستكراوی خانووی تەویلەی كۆنی كوردەوارییە :21
ئاغابان: ژووریكە، یان زیادتر لە ژوورەوە قاڵدرمەی بۆ هەڵدەبەسترێت، لەدەشتی :22
.هەولێر بەم جۆرە خانووانە وتراوە، شارستانی
.پاردە: سەكۆ :23
.شمشێرە: كلیلی درێژی دەرگایە لە دار دروستكراوە :24
هەزارمێرد: دارێكی لووس و درێژە، لەناو دیواردا دادەنرێت، لە دەرگادا :25
رەتدەبێت، دەرگای پێ دادەخرێت، لەناوەكەیەوە دیارە، ئەم گاڵدانە، ئەو دەرگایەی وا
دابخرێت بەهەزار مێرد ناكرێتەوە، بەهەردوو شێوەی ئاسۆیی و ستوونی دێتە
.پشتەوەی دەرگاكە
چل مێرد: لەهەندێ شوێندا بەهەزارمێرد دەوترێت چل مێرد. واتە بە چل :26
.مێرد ناكرێتەوە
وشكەكەلەك: دروستكردنی خانووبەرەیە بەبەردی لووس و رێك و نیمچە تاشراو، :27
بەردەكان لەسەریەك بەبێ نەرمە دادەنرێت، شێوەی بەردەكەو وەستایی و زانایی
دانانیان وا دەكات ئەم بەردانە توندو رێك و پتەو راوەستێت، ئەوەی شایانی باسە، ئەم
جۆرە خانووە چەند نهۆمەی بەو وشكەكەلەكە دەسازێت بەرگەی زۆر دەگرێت. ئەم
.شێوەیە لەهەورەمان باوە
.هەنوان: خانووبەرە :28
.لەڤەند: قامیش :29
.ئاژن: جۆرە دارێكە گەلاَو لقەكانی پاش دارەرێ دادەنرێت :30
.خۆكە: خانووی سادەیە ئاژەلی تێدا بەخێوەدەكرێت، تەویلە :31
.زنج: تەویلەیە بە پووش و قوور دروستدەكرێت :32
كادین: دروستكراوێكی سادە و پتەوە بۆ هەڵگرتنی كا، ئەوەش لە بارانی زستانا :33
.دەیپارێزیت



www.pertwk.com

24: عەمبار: دروستکراوی َکی بچوکە بۆ هەڵگرتنی دانەوی َلە، بەتایبەتی گەنم و جۆ. دروستکراوەکە بناغەی لەسەر بەردی زەلامی بەردەزوورگ دادەمەزری َندری َت، ئەوەش لەبەر ئەوەیە تا زیندەوەرو مۆرانەی نەگاتی َ، دەرەوەو ناوەوەی جوان و پوخت سواخدەدری َت، کون و پەنجەرەی هەیە بۆ بەکارهی َنانی لەداکردن و دەرهی َنانی دانەوی َلەکان، دروستکراوەکە تەنیا هەڵدەکەوی َت.

25: تابوتە بەرد: بەردی پان و لووس و باریکە، بۆ ناشتنی مردوو بەکاردی َت، زۆرجار لە گۆرستانەکان بەردی وا زۆر کەلەکە دەکری َت، کەسی وا هەیە بۆ خی َرو چاکەیی خۆی دەیانکی َشی َتەوە.

26: بەردە کی َل: بەردی تایبەتی کی َلی گۆریشە، دیارە کەوا دری َژو باریک و لووسە، وەک تابوتەبەرد لەسەر گۆرستانەکانا هەیە.

27: ئاهەک: قسڵ.

28: بەردی کارگەیی: بەردی تاشراوە بۆ دروستکردنی دیوار بەکاردی َت.

29: داردی َمەک: دای دری َژو کورتە دەخری َتەناو دیوار، ئەوەش بۆ ئەوەیە تا دیوارەکە روونەچی َت، داری گوی َز بۆ داردی َمەک باشە، لەدیواری وشکەلەک بەزۆری بەکاردی َت.

30: کەڤر: بەرد.

31: بورجی بەلەک: بورجی َکی کۆنی شوی َنەواری سەردمی حکومی میرەکانی کوردستانی باکوورە.

32: لالش: پەرستگای یەزیدیەکانە، دەکەوی َتە ناوچەی ئی َسفنی و ئەتروش، لەبورجەکانی ئەو پەرستگایەدا هیمای بیناسازی نایاب هەیە.

33: چەرمۆک: یەکەمی گوندی ئاوەدانی کشتوکالی و نیشتەجی َیە ناوچەکەیە، شوی َنەواری دەکەوی َتە دەڤەرەی چمچمال باکووری شاری کەرکووک.

34: هەزارمی َردو شانەدەر: دوو ئەشکەوتی کوردستانی باشوورن، لە ناوچە شاخاوییە سەختەکانە، زۆر کەلوپەلی کۆنیان تی َدا دۆزراوەتەوە.

35: کوندەلان َ: دروستکراوی َکی سادەیە، لەناوەندی حەوشەی گەورەی ناوچە گەرمەکانی کوردەواری دروستدەکری َت، دوو نهۆمەو سەرەکەی سی َبەر بۆ ئەو کوندە ئاوانە دەکات، تا خۆریان بەرنەکەوی َت بە ساردی و فی َنکی بمینی َتەوە. زۆریش می َوەو سەوزەی لە ژی َرەوەی دادەنری َت.

36: خەشیوو: ژووری زەخیرەیە.

37: قوتان: شوی َنی َکە بۆ هەڵگرتنی گۆزەو چەرەی ئاو.

38: هەرزالە: ئەستی َرک: لەژووری خی َزانە، بۆ هەڵگرتن و کۆکردنەوەی زەخیرەو کەلوپەلی ناوماڵ بەکاردی َت.



www.pertwk.com

کەندوو: دروستکراوی َکە بۆ هەڵگرتنی ئاردو دانەوی َلە بەکاردی َت، ئەوەش وەک :39
.ئەستی َرک و کەندوو لەناو ژووری خی َزانەدایە
چاڵ : قۆرتی َکی لوولی قۆڵی بەرینە، دانەوی َلەی تی َدا هەڵدەگیری َت، تا لە :40
زیندەوەرو تەڕبوون بپاری َزری َت، چاک سواخدەدری َت و سەری جوان دادەخری َت و
.چواردەورەی بە کا دەگیری َت
.چاڵەبەفر: شوی َنی َکی قوڵە، لە زۆزانەکانا بەفری بۆ هاوین تی َدا هەڵدەگیری َت :41
.سارداو: حەوزی ئاو خواردنەوەیە :42
شەقرە: داری کورتە هەر 1,5 ـ 2 مەتر دری َژ دەبی َت، پاش دارەری َ دەخری َتە :43
سەر کاریتەکان، جوان و بەری َز دادەنی َرن. دار ئەسپینداری دری َژو ئاسایی دوو
دارهەولی َری تی َدەبی َت، سەرە باریکەکەی دار ئەسپیندار دەبی َتە شەقرە، ئەوی تری
دەبی َتە دارهەولی َر، بۆیەش دارهەولی َری پی َدەڵی َن، چونگە لەناوچەکانی خۆشناوەتی
کاریتەکانیان بۆ فرۆشتن بۆ شاری هەولی َر هی َناوەو هەر لەشارا ئەم دارانە رەواجی
.زۆرتری هەبووە، واتە لەخانووەکانی سەربەکاریتەکانی شار بەکارهاتوون
مارنج: ئەو ئامی َرە دەستییە قووری ژوورەوەو دەرەوەی دیوارا لووس دەکات، :44
.بەکارەکەش وتراوە مارنجکردن
ئاخوور: دروستکراوی َکی دری َژو باریکە ئالیکی بۆ وەڵسات لەناودا روودەکری َت، لە :45
.قووردروستدەکری َت
دلال: پردە کۆنەکەی ناو شاری زاخۆیە، لەبەردی زەلامی و پتەو دروستکراوە، بناغە :46
و کەوانەکانی زۆر زیرەکانە دروستکراون، گوایە، لە رۆژی یەکەمی دروستکردنی پردەکە
بریارياندابوو قوربانی بۆ بکەن، هەر کیژی َکی بەوی َی گوزربکات و ئاو بە گۆزە لەو
رووبارە بی َنی َت، لەژی َر بناغەکەی دادەنی َن، وا ری َکەوتووە کیژی ناڤداری پاشای
ناوچەکە، دلالخان هاتووە، ئەوانیش لەسەر بریارەکەی خۆیان و بەرەزامەندی پاشاوە
ئەویان کردووە بە بناغەی پردەکە و ناوەکەی لە ناوی ئەو کیژە پاشایە نازدارەوە هاتووە.
.پردەکە بە خۆراگری و جوانی ماوەتەوە و بۆ پیادە بەکاری َت
گوفەک: زبڵدانی گوندەکانەو سالاَنە کوورەچییەکان بەبارو دواییش بە لۆری :47
زبڵەکانیان بەسەبەتان بۆ سوتاندن و تی َکەڵکردنی بەقوورە بەجەرگەکەی کوورەکانیان
.کۆیاندەکردەوە
هەزاربر: ئەو کری َکارە زاناو لی َزانەی کوورەکانی کەرپووچە، بەهەزارو بە کری َ :48
خشتی دەبری، واتە بە رۆژانە کاری نەکردووە، بەهەزار خشتی بریوە. لە برین و
.ئامادەکردنی خشت بۆ سوتاندن و سازکردنی زۆر کارامە و لی َهاتووبون
.سپیترک: قاڵدرمە :49
.خەسارە: داری ناوەندی دارە ری َیە :50
.بەرسڤک: هەیوان :51



www.pertwk.com

.مێردرەوە: ستارەیەو لەهەندێ شوێندا پاردەو بەیتونەشە :52
دێچرو: داری مازوو، یان داری بەروو لقی بۆ هەڵگرتنی چرو بەکارهاتووە، ئەو :53 دارانە بە هیچ شێوەیەک نابرێتەوە، هەر بۆ ئەم مەبەستە زۆر جوان پارێزگاری کراوە، هەر ماڵێکی ئاژەڵدار دێچروی تایبەتی خۆیان هەبووە، ئەوەی وەڵساتی زۆرتر هەبووە .لەیەک و دوو دێچروی زۆرتر هەبووە
.سەرشۆرک: گەرماوی خێزانە :54
.نادین: شوێنی خواردن ئامادەکردنە :55
.چاوە: ژوور :56
بەردی سیلە: بەردی تایبەتیە لە گۆشەی رێزەکانی دروستکردن بەکاردێت، :57 .رێزی ئەستونی و ئاسۆیی بەیەکتری دەبەستێتەوە
.شادار: داری گەورەی دارەرێیە :58
هەزارە: داری گەورەو قایمە بۆ هەڵگرتن کاریتەی شکاو بەکارێت، بەهێزی چەند :59 .مرۆڤێکی بەهێز بارەکە بەرزدەکرێتەوە، واتە هێزو باری هەزار مرۆڤە
.هۆدە: ژووۆ :60
.دیوارخان: دیوەخان :61
.گورگە: سواندە :62
سەربانەکە: ئەو کارمەندەیە، واتە ئەو وەستایە ئاستی پڕکردنی خۆڵ لەسەربانەکە :63 .رادەگرێت، هەر لە سەربانەکە دەمینێتەوە تا خۆڵەبانەکە تەواو دەبێت.



www.pertwk.com